ژمارە: (٤٣)
ساڵی چوارەم، ئۆگەست، ٢٠٠٩


# گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
# بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
# مانگانە دەریدەکات


خاوەنی ئیمتیاز:
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی



**سەرنووسەر:**
**محەمەد کوردۆ**
mhamadkurdo@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:**
**محەمەد عەبدوڵڵا**

**سەرپەرشتیاری هونەریی:**
**ڕێبین مەجید**

Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤



**دەستەی نووسەران:**

کارزان عەبدوڵڵا

ئەکرەم محەمەد ئەمین

نەورۆز جەماڵ

**تایپیست:**
پەیام ئەحمەد

**هەڵەچن:**
سنەوبەر کەریم
مونا عەبدوڵڵا

**لۆگۆ:**
حەمیدی ئازمودە

**مۆتیف:**
زانا رەسوڵ



**تیراژ**
٥٠٠

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| **لێکۆڵینەوە:** | | |
| تەسبیحات بەوشە | سەلام محەمەد | ٧ |
| منداڵ و زەمینەی رۆشنبیریی منداڵ | لەتیف هەڵمەت | ٢٧ |
| خوێندنەوەیەکی (پەرەسێلکەکانی کۆچ) | ساڵح سوزەنی | ٣٤ |
| لەیادەوەرییەکی تاکەوە بۆ یادەوەرییەکی کۆ | ئارام سدیق | ٤٧ |
| ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی | عادل محەمەدپوور | ٥٧ |
| **دەق:** | | |
| دەنکە هەنارەکان بەناو خەونتەوە دادەکەن | هەندرێن | ٦٩ |
| چاوەڕوانی | ناسری حیسامی | ٧٣ |
| غەدرت کرد ! | مارف عمر گوڵ | ٧٦ |
| لەدونیا خراپتر | حسێن ئەحمەد | ٨٠ |
| هیچ شتێك لەتۆ ناچێ | ئەنوەر حسێن | ٨٤ |
| پێڵاوەکانم ئەگات، خۆم نا | بەشدار سامی | ٨٩ |
| خاك و خۆڵی شتەکان | پەری شێخ ساڵح | ٩٧ |
| نەنکم ئاشنای کردینەوە بە باران | داستان بەرزان | ٩٩ |
| دەروێشی هاورێم | د. ئەمین موتابچی | ١٠٢ |
| خەونی نووسین | ئەحمەد مستەفا | ١١٧ |
| **دیدار:** | | |
| دیدار جەلیل کاکەوەیس | سۆران عەزیز | ١٢٣ |
| حکومەتی کوردیی بە واتا زمانی دەستووریی و ستانداردی کوردیی | ئەکرەم محەمەد و کاروان ئیبراهیم | ١٣٢ |

| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| **وەرگێڕان:** | | |
| چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەدۆنیس | ئەکبەر حەسەن | ١٤٣ |
| وتووێژی گاردیەن لەگەڵ (یەشار کەماڵ) | مستەفا زاهیدی | ١٤٩ |
| رۆمەن رۆلان شارۆمەندی جیهان | ئازاد بەهین | ١٥٤ |
| جوانێك لەنێو پاسدا | عەبدولکەریم شێخانی | ١٥٨ |
| **هونەر:** | | |
| ناسری رەزازی: گۆرانبێژی وا دەهێننە سەر تەلەفزیۆن .... | موحسین یاسین | ١٦٧ |
| رێبوار سەعید لەبەر رۆشنایی هەڵسەنگاندن و شرۆڤەدا | گۆران هەڵەبجەیی | ١٧٢ |
| ژیانی هونەریی قادر کابان | کاروان کابان | ١٨١ |
| ئەبستراکت و هونەری نوێ | تەها ئەحمەد رەسوڵ | ١٨٧ |
| ئێکسپرسیونیزم | دڵشاد خۆشناو | ١٩٧ |

# لێکۆڵینەوە



**تەسبیحات بەوشە**

سەلام محەمەد



**منداڵ و**
**زەمینەی رۆشنبیریی منداڵ**

لەتیف هەڵەت



**تامی شکۆفەو کۆچ و مەرگ،**
**ئەو ساتانەی شیعرو رۆمان و**
**فەلسەفە لێکدەئاڵێن**

ساڵح سوزەنی



**لەیادەوەرییەکی تاکەوە**
**بۆ**
**یادەوەرییەکی کۆ**

ئارام سدیق

**ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی**
**یەکەمین دەستپێکەری شیعری نوێی فارسی**

عادل محەمەدپوور

# تەسبیحات بەوشە



## روونکردنەوەیەکە دەربارەی دیدارەکەی گۆڤاری هەنار

سەلام محەمەد

لەژمارە ٣٧و ٣٨ی گۆڤاری هەناردا، حەمە کاکەڕەشی شاعیر دیدارێکی لەگەڵدا سازکردبووم، دوای بڵاوبوونەوەی، کۆمەڵێك سەرنج و بیروبۆچوونی خوێنەرانی بەڕێزم لەڕێگای ئیمەیڵ و تەلەفۆنەوە پێگەیشت و بەپێویستمزانی بەگوێرەی کات و توانا تیشکیان بخەمە سەر.

پاش هەڵسەنگاندن و نرخاندنیان دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر لەکتێبێکی سەربەخۆدا نەبێت گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و یادەوەرییەکان ئێجگار لەوە فراوانترن بەباسێك و دوان و سیان تەواو بن. نووسینەوەی ئەو هەموو یادگارانەش واتە سەرگوزەشتەی ژیان بەجۆرە لاساییکردنەوەیەك دەزانم، چونکە لەگەڵ رۆژگاردا بیرکردنەوەم لەمەڕ جیهانو رووداوەکان گۆڕاون و جیاوازن. ئەوەی کە جاران سەیر بوو ئێستا ئاساییە. کاتێك



نووسەران و شاعیران و تەنانەت سیاسییەکانیش دەگەنە ئاستێکی دیاریکراوی تەمەن، ئەزموون و یادگارەکانی خۆیان دەنووسنەوە، وەکو خۆئامادەکردن وایە بۆ ماڵئاوایی لەژیان و هەستکردنە بەپیربوون و هەوڵدانە بۆ دووبارە ژیانەوەی رابردوو یان دووبارە منداڵبوونەوە. رەنگە ئەم گێڕانەوەیە بۆ مێژوو سوودی هەبێت کە من خۆم گومانێکی گەورەم هەیە بەرامبەر ئەوانەی مێژوو دەنووسنەوە، لەبەر ئەوەی گشت مێژوونووسێك دیدو خوێندنەوەو بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە بۆ رووداوەکان، ئەویش لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێك هۆی کەسایەتی و گشتیدا. نووسینەوەی یادداشتەکانی ژیان کە هەندێك کەس زۆر درێژەی پێدەدەن و وردو درشت فەرامۆش ناکەن، نیشانەی خۆخلافاندن و بێتاقەتییە، چونکە لەهەموو حاڵەتێکدا کتێبێك بەسەو ئەگەر نووسەر مەبەستی بێت بەیەك بەرگ بیرەوەرییەگرنگەکان دەنووسێت. کتێبم خوێندووەتەوە کە ٢٠٠-٥٠٠ لاپەڕە بووە، بەڵام دەتوانرا بەچەند لاپەڕەیەکی کورت هەمان بابەت بخرێتە بەرچاوی خوێنەران. کێ هەیە سەرانسەری ژیانی پڕ نەبێت لەکارەساتی گەورەو هەڵکشان و داکشان . کێ هەیە جارێك لەجاران هەستێکی وا داینەگرتبێت کە ئەوەی لەو قەوماوە، بەسەر کەسدا نەهاتووە؟ منیش کە بیر لەڕووداوەکانی ژیانی خۆم دەکەمەوە، دەبینم دەیان گێژەڵۆکەی ترسناك راستەوخۆ رووبەڕووی مردنیان کردوومەتەوەو بەڕێکەوت نەمردووم. هەندێك لەو گێژەن و دەمەبورکانانە ئەنجامی هەڵەی خۆم بوون، بەڵام زۆربەیان چ پەیوەندییەکیان بەخۆمەوە نەبووە. رێکەوت و چارەنووس تووڕیان داومەتە ناو دەمی تیمساحێکی برسی و هەر خۆشیان رزگاریان کردووم، بەبێ ئەوەی بزانم چۆن یان بۆچی. ئەو هەموو رێکەوتە سەیرە پرسیارگەلێکی بەردەوامی بێ وەڵامیان لای من دروستکردووە. لەگشت حاڵەتێکیشدا ئێمە هێشتا لەژیانداین، ئەگەر مەبەستمان بێت، فریای ئەوە دەکەوین تەواوی خاڵە گرنگەکانی رابردووی خۆش و ناخۆشی خۆمان بگێڕینەوە، بەڵام ئەوانەی کوژران و ئیعدام کران یان بێ سەروشوێن کران، هەموو یادەوەرییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ژێر گڵ و گەرووی بیابان و کوورەکانی هیتلەرو ئاوەکانی ئۆقیانووس و زۆر شوێنی دیکە برد. کێ دەزانێت چ جۆرە خەون و ژان و هیواو نائومێدییەك تەنگی پێ هەڵچنیبوون و داگیریکردبوون .کێ دەزانێت نەغمەی ئاوازی دوا ترپەی لێدانی دڵەکانیان چۆن بووە. ئەی کێ دەزانێت چ رەشمارێك لەگەردنیان ئالاوەو لەو ساتەوەختەدا بیریان لەچی کردووەتەوە؟ ئاخۆ دووکەڵی هەناسەیان نەخشەی چ زەخرەفەیەکی پڕ لەنهێنی کێشاوە؟ چۆنچۆنی دواگەلای حەزو تاسەو خۆزگەکانیان هەڵوەریون. ئێمە تەنیا بەخەیاڵ باسی دوا رۆژەکانی ئەو کەسانە دەکەین کە هەر یەکێکیان بەجۆرێك دەمرێت. خەیاڵیش پەیوەندی بەئاستی تێگەیشتنەوە هەیەو تا ئەو

شوێنە بڕ دەکات کە خاوەنەکەی شارەزایی هەیە لەچۆنێتی هەڵفڕینی باڵندەکانی خەیاڵ. فروغی فروغزاد دەڵێت: ئەگەر بەرد سەری خۆت نەشکێنێت، لەئازارەکەی تێناگەیت. ئاسان نییە پیاو دەربارەی ئەو بێگوناهانە بنووسێت کە چارەنووسیان بەئەشکەنجەو پاشان بەکوشتن کۆتاییهاتووە، تەنانەت بینینی تاوانبارێك کە حوکمی مەرگی بەسەردا دەسەپێنرێت لەگەڵ ویژدان و سۆزو پیرۆزیی ئینساندا ناگونجێت. خۆ لەهەوانتەو خۆرایی نییە گشت ئەوروپا سزای مردنی هەڵوەشاندووەتەوە. لەتەمەنی گەنجیمدا رۆمانی (دوا ساتەکانی ژیانی پیاوێکی بەمردن حوکمدراو)م خوێندووەتەوە، کە لەنووسینی ڤیکتۆر هۆگۆیە، تائێستاش کاریگەریی ماوە. هەر ئەمجۆرە بیرکردنەوەیەش بوو کاتی خۆی وای لەئەلبێر کامۆ کرد دژی سزای ملپەڕاندن بێت و کتێبی مەقسەڵە بنووسێت، کە لەڕاستیدا راپۆرتێکی بەرگریکردن بوو لەسێ پیاوی مەغریبی کە بەسزای مردن حوکمدرابوون. کاتی خۆی لەعەرەبییەوە کردوومە بەکوردی و دام بەدەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لەبەغدا، بەڵام نە چاپکراو نە دەستنووسەکەشم وەرگرتەوە.

ئێمەی هێشتا زیندوو هەرچییەکمان بەسەر هاتووە ناگاتە ئاستی هەزاران رووداوی دڵتەزێنی وەك جینۆسایدی چەندین ملیۆن جوولەکە لەکارگە سامناکەکانی مەرگدا لەئاوشڤیتزو بیرکناو و تریبلنکاو سوبیبورو مایدانك و شوێنگەلێکی تریش کە بەگازی ئۆکسیدی کاربۆن خنکێنران و پاشان لەکووره ئاگرینەکاندا سووتێنران و پاشماوەکانیان کران بەسابوون و سەمادو شۆستەو رێگاوبان. لووتکەی دڕندایەتی فاشیستەکان ئەوەبوو کە زۆربەی کارەکانیان هەر بەجووەکان خۆیان ئەنجامدەدا.

زیاتر لە ١٨٠ هەزار ئینسانی لێقەوماوی کورد لەئەنفالە رەشەکاندا بێ سەروشوێن کران. سەرەتا لەئۆردوگا بەدناوەکەی تۆبزاوەو کۆمەڵێك ئۆردوگای ئاشکراو نهێنیی دیکەدا کۆکرانەوە پاشان بەرەو نوگرە سەلمان یان راستەوخۆ رەوانەی چاڵەکانی مەرگ و هەناوی هەڵقرچاوی بیابانی عەرعەرو دەشت و بیابانی تر کران. ئەی ئەوانەی هەر لەژێر تەعزیبدا کوژران و شایەتحاڵێك نییە باسی کارەساتەکان بکات، بێجگە لەجەللادەکان خۆیان.

ئەمڕۆ هەر لەکوردستان بەسەدان جەلادەتی کۆتر هەن کە بەرێکەوتیش نەکەوتنە ژێر مەرحەمەتی جەللادێکی لەبابەت سامیری بابلییەوە، بەڵکو سەرجەمی دراماو تراژیدیاکانیان وەك خۆیان فەوتان و لەناوچوون. ئاخۆ ئەوانە چەندە ئازارو ئەشکەنجەیان چەشتووە تا گیانیان دەرچووە؟ دەبێت بۆ قومێك ئاو یان لەتە نانێکی رەق چ تاریکایی و چ ژانێك هەراسانی کردبن؟ ئەی گۆشتی داخکراو و لەئوتودراو و هەڵکێشانی نینۆك و خوێ کردنە سەر برین و دەیان شێوازی ئەشکەنجەدانی دڕندانەی تر کە لەژمارە نایەن.



کێ دەتوانێت بەشیعرو رۆمان ئەو چیرۆکانەمان بۆ بگێڕێتەوەو وێنەیەکی بچووککراوی راستییەکانمان بخاتە بەرچاو. من گومان دەکەم لەوەی کە شاعیرو رۆماننووس بتوانن بچنە ناخی سووچە درەوشاوە هەرە قووڵەکانی ئەو کارەساتە جەرگبڕانەو هەرچییەکیش بنووسن لەسنووری هەوڵدان تێناپەڕێت و دەکەوێتە خانەی ختووکەدانی هەست و سۆزی ئینسانییەوە.

لۆژیك دەرەقەتی ئەم دەربڕینە نایەت، بەڵام هونەرو ئەدەب تارادەیەك لێی نزیکدەکەونەوە، ئەویش لەڕێگای تواناو بلیمەتی و شارەزایی و فەنتازیای هونەرمەندو نووسەری داهێنەرەوە کە هەرگیز بەرهەمەکەش پڕ بەپێست و دەقاودەقی ئەو مەتاهە رۆحیە نابێت. تەنیا ئەو کەسەی خۆی لەکارەبا دراوە دەزانێت ئازارەکەی چۆنە.

هەر کاتێك بیر لەنووسینەوەی ئەزموون و بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆم دەکەمەوە، ئەو لەشکری ملیۆنەها قوربانییەم دەکەوێتەوە یاد لەهەموو جیهاندا کە فریای تۆمارکردن و نووسینەوەی یادگارەکانیان نەکەوتوون و ئەوەی خۆم وەك مێشوولەیەك دەبینم کە بەگژ قوللەی قافدا دەچێت.

هەندێك لەوانەی بۆ نوگرە سەلمان راپێچکرابوون دەڵێن کاتێك گەیشتوونە جێ هێشتا پاشماوەی هەندێك قابە شۆربای جێهێڵراو لەسووچەکانی زیندانەکەدا بەگەرمی مابوونەوە، کە ئەمەش بەڵگەیەکە ئەو زیندانە نەفرەتییەی هەر لەکۆڵانەکانی دۆزەخ دەچێت چەند دەقیقەیەك لەوەبەر قوربانییەکان بۆ چاڵەکانی بیابان گوێزراونەتەوە، کە پاشان هەندێك لەو جەستانە دەبوون بەخۆراکی سەگی بەرەڵڵا. بۆ ساتە وەختێك لاشەی پیرۆزی منداڵێك بێنە بەرچاوی خۆت کە سەگە خوێڕییەکان تێی ورووکاون و پارچە پارچەی دەکەن. وا بزانە ئەوە یەکێکە لەمنداڵەکانی خۆت بەدەم قەپاڵی سەگەوە. ئاخۆ چ شیعرێك، رۆمانێك، تابلۆیەك، گۆرانییەك یان فیلمێك تەسکینی دەخاتە دڵتەوەو سەبووریت پێ دەبەخشێت؟ چ واوەیلایەك ئارام و ئاسوودەت دەکات؟

قەناعەتێکی تەواویشم لا هەیە ئەوەی دەینووسم دووبارەکردنەوەی ئاوازێکی دیکەی زۆر بەجۆش و خرۆشترە لەکون و کەلەبەرێکی دیکەی ئەم جیهانە بچووك و لەهەمان کات گەورەیەدا. بێگومانم هەرچەندە داهێنان جوان و سەرکەوتوو و تەنانەت تازەش بێت لەجێگایەکی تردا داهێنەرێکی تر بەشێوەیەکی جوانترو قووڵتر خۆی لەو بابەتە داوە. ئەمەش قسەی من نییەو بڕوای کەسانێکی بەهرەدارو رووناکبیرو داهێنەرە پاش پەنجا ساڵ زیاتر لەئەزموونی هونەرو ئەدەبدا وا دەڵێن. ئەڵبەتە مەبەستم ئەوەش نییە کە هیچی تازە نەماوە، چونکە ژیان بەبەردەوامی لەگۆڕانکاریی و تازەبوونەوەدایە. ناڵێم قەڵەمەکەم بخەمە لاوەو هیچ نەنووسم، چونکە داهێنان و بابەتی تازە نەماون، ئیتر جاری

ئاشبەتاڵ و وشکبوونەوە بدەم. من مەبەستم داهێنانی تەواو تەواو تازەیە بەنیسبەت خۆمەوە، نەك یەکێکی دیکە کە ڕەنگە ئەوەی لەتوانای مندا نەبێت بۆ زۆر کەسی تر تازەو ئاسان و ئاسایی بێت. ڕووباری داهێنان هەرگیز ڕاوەستانی بۆ نییەو هەرگیز وشك نابێتەوەو ڕەق هەڵنایەت. لێرەو لەوێش ئەگەر نووسین و شیعرو بەرهەمی ئاسایی بڵاوبکەمەوە بەلامەوە سەیر نییە، چونکە زیانی بۆ کەس نییە، بەڵام دەگونجێت قازانجی هەبێت و شتی باشتری بەدواوە بێت.

دەربارەی دیدارەکەی گۆڤاری هەناریش وا تیشك دەخەمە سەر هەندێك پرسیارو شتی فەرامۆشکراو، کە هیوادارم نەکەوێتە خانەی دووبارەبوونەوەوە. خۆم زیاد لەهەموو شتێکی تر ڕقم لەتەمسیلکردن و دووبارەبوونەوەو خۆنوواندنە کە مەبەستم لەهونەری تەمسیل نییە، بەڵکو تەمسیلکردن بەرامبەر بەدەوروبەر یان بەکوردییەکی پەتی فشەکردن.

❊❊❊

ئەو ڕووداوانەی لەدیدارەکەدا باسمکردوون و درێژەم پێنەداون بابەتی جیاوازو سەربەخۆن. ئەگەر بکەومە گێڕانەوەیان دەبێت نوك بەنوك لەسەرەتاوە تا کۆتایی باز بەسەر هیچیاندا نەدەم و ئەوەش حەوسەڵەیەکی دەوێت. کەسانێك هەن هێشتا لەژیاندان و بەو جۆرە باسانە دەورووژێن. ڕەنگە کارەساتی ناخۆشی بەدواوە بێت. ڕەنگە ئەوان وەك خۆم ئاسایی وەرینەگرن و قورس بەسەریاندا بکەوێتەوە. کای کۆن بەباداکردنیش جۆرێکە لەگێچەڵ و ئاژاوەنانەوە، چونکە ڕووداوەکانساڵگارێکی درێژیان بەسەردا تێپەڕیوەو کەوتوونەتە ناو دوورگەکانی لەبیرچوونەوە. ڕۆژگار گۆڕانی گەورەو بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە. هەیە ئەو دەمە پیاوی ڕژێم بووەو لەدوای ڕاپەڕین و گۆڕانکارییەکانی دوای ڕاپەڕین و شەڕی براکوژیی ئەم حزب و ئەو حزبی کردووەو گشت کاتێکیش دەسەڵاتی هەبووە. هەیە بەپێچەوانەوە ئەوسا خراپ بوو پاشان ڕێگای ڕاستی گرتەبەر. بەگشتیی ئەوەی کۆنە برین دەکولێنێتەوە دۆست و ئاشتیخواز نییە، منیش خۆم بەدوژمنی کەس نازانم و هیچ پێویستییەکم بەهەڵدانەوەی گشت لاپەڕەکانی فەرهەنگی یادەوەرییە تاڵ و سوێرو تفتەکان نییە.

ئەو کارە گرنگەی لەلایەن دەزگای پاراستنەوە لەساڵی ١٩٧٤دا پێم سپێردرابوو کە سەرنجی گەلێکی ڕاکێشاوەو حەز دەکەن کرۆکی کردەوەکە بزانن، دەڵێم بەسەرچاو. کارەکە بریتیبوو لەتەقاندنەوەی چوار قومبەلەی تەوقیت لەشاری بەغدادا. قومبەلەکان بچووك نەبوون و هەر یەکەیان نزیکەی چوار ئەوەندەی نارنجۆکێکی ئاسایی بوون. نیوسەعاتی ڕێك پاش لابردنی ئەلقەکانیان دەبوو بتەقێنەوەو مەشقیشم لەسەرکردبوون.



سەرەتا پلانەکە وابوو پاش تەسلیمبوونەوەو جێبەجێکردنەوە لەبوونە پیاوی ڕژێم و تێپەڕبوونی ماوەیەك لەجێگیربوونم، ئەدرەسی ماڵی ئەو فرۆکەوانانەی کوردستانیان بۆردومان دەکرد، وەربگرم، بەڵام هەرگیز وەرمنەگرتن. کاتێك خۆشم بەسەرو ڕووخساری لەجامانە پێچراوەوە بۆ ناوپردان دەچوومەوە، وتیان ئێمە خۆمان پەیوەندیت پێوە دەکەین. هەرگیز پەیوەندیم پێوەنەکراو نیشانەکانم بۆ دیارینەکران. دەبوو بەئارەزووی خۆم بڕیار لەسەر نیشانەکان بدەم. ئەمەش نەك هەر زەحمەت بوو بۆ من، بگرە مەحاڵیش بوو. ئەوسا ڕێك تەمەنم بیست ساڵان بوو. دەمەویست لاسایی کەسێکی وەکو ڕەئفەتولهەجان بکەمەوەو بەتەنیاش هیچم پێ نەدەکرا. سەرەڕای ترسو دڵەڕاوکێیەکی بێسنوور، ئەمجۆرە شۆڕشگێڕایەتییەو شاعیر بەقەد هەردوو قوتبەکەی باکوورو باشوور لەیەکەوە دوور بوون. ئاخر شاعیرو قومبەلە کوجا مەرحەبا؟ ئەوەبوو نەك هەر سەرنەکەوتم، بەڵکو قورسیش بەسەرما کەوتەوەو ئەگەر زیاتریش درێژەی پێبدەم وەکو زنجیرەیەك تێکڕای ڕووداوەکە لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی بەیەکەوە گرێدراون یان دەبێت لێرەدا ڕاوەستم یان ئەوەتانێ هەمووی بخەمەڕوو کە زۆر درێژەو سیوپێنج ساڵیشی بەسەردا تێپەڕیوە.

وەك پێشتریش وتوومە بەپلەی یەکەم هەڵەی خۆم بوو، چونکە کارەکە خۆبەخشانە بوو، لەپێنج کەسەوەو لەسەر داوای خۆمان و لەخەیاڵی ڕفاندنی فڕۆکەوە دەستیپێکرد، بەڵام بەیەك کەس و چوار قومبەلەی نەگبەتەوە کۆتاییهات. دەبوو ئەنجامیش هەر بەو جۆرە سەرنەکەوتووە بکەوێتەوە کە بەلای هیچ مرۆڤێکی هۆشیارەوە سەیر نییەو چاوەڕوانکراوە.

بەپلەی دووەمیش نەدەبوو دەزگای پاراستن متمانەیەکی ئاوا گەورەی وەك تەقاندنەوەی قومبەلە بەشاعیرێکی تەمەن بیست ساڵان بدەن، کە هیچ باکگراوەندو ئەزموونێکی لەوەبەری لەو بوارەدا نەبووە، با خۆیشی داوای جێبەجێکردنی کاری شۆڕشگێڕانەی کردبێت. خەون و خەیاڵی پێنج نووسەری لاوی خوێنگەرم نەدەبوو پەلەی لێ بکرێت و ببێتە چالاکییەکی پسپۆڕانەی دەرەجە یەکی سەربازیی، هەرچەندە خۆبەخشانەش بوو.

تازە ئەوەی چوو ناگەڕێتەوەو باجەکەشی هەر خۆم دام و هیچ کەسێك تۆسقاڵێك زیانی بەرنەکەوت. لەمانگی ئابی ١٩٧٤دا لەژووری ٢٢ی ئوتێلی هەولێر بووم لەبەغدا، لەلایەن ڕژێمەوە فەرمانی گرتنم دەرچوو. شەو لەمزگەوتەکەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی خۆم شاردەوە، چونکە سەعات پێنجی بەیانی ئەوجا ڕێگا دەکرایەوەو سەفەرکردن بەشەو قەدەغە بوو. یان دەبوو بەغدا جێنەهێڵم کە بێگومان دەگیرام و پاش ئەشکەنجەیەکی دڕندانەش ئیعدام دەکرام. یان دەبوو گشت توانایەکم بخەمە کار تا خۆم

دەرباز بکەم و بڕۆمەوە بۆ ناوچەی سەرکردایەتی لەناوپردان، کە ئەگەرێکی گەورەی گرتن و زیندانیکردنم هەبوو، بەڵام هەر ئەمیانم هەڵبژارد. پەشیمانیش نیم، بەڵکو شانسم هەبوو یان وەك دەڵێن ئەجەلم نەهاتبوو. قەسیدەی (دەمەو ئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە) کە لە ١٧/٧/١٩٧٤دا نووسراوەو تینوێتی و زستانی جوان-١٩٧٥و چەند بڕگەیەکی شیعری شیرین و یادگارەکانی رەحیماوە ١٩٧٤–١٩٧٥ هەروەها قەسیدەی بارانی رەنگاوڕەنگ و هەندێك شیعری تریش کە هەموویان لەدیوانە چاپکراوەکەمدا هەن، پەیوەندییەکی هۆرمۆنی راستەوخۆیان بەم ئەزموونەوە هەیە، بۆ نموونە:

**ناتوێمەوە**
**نا نا، نا نا ناتوێمەوە**
**ئەوەی دیتم رۆژگارێ بوو**
**دەرگاوانی حەوت دەرگاکەی دۆزەخی خوا نەیبینیوە**

(کۆمەڵە شیعری دەمەو ئێواران ..... قەسیدەی: تینوێتی و زستانی جوان- ١٩٧٥ ل٦٩)

یان:

**ئەگەر ئەگریم،**
**ئەوە زامی رۆژگارێکم دێتەوە یاد**
**دڵداریم لەگەڵدا کردی و**
**نەمئەزانی... دڵداری چییەو چۆن لێومان**
**بە یەك ئەگات...**

(قەسیدەی بۆ کچی کوێستان – ١٩٧٦ ل١٢٢)

یان:

**برۆ بەڵام، ئاوڕ لەسێبەری خۆتیش نەدەیتەوە**
**رەسەنیی خۆر نەدۆڕێنی**
**لە ماچ زیاتر چیت هێناوە بۆ لێوی خوێن**
**لە خوێن زیاتر چیت هێناوە بۆ لێوی ماچ**

(قەسیدەی بارانی رەنگاوڕەنگ. لاپەڕە: ٤٣)

یان:

**هەر ئەچیت و ئەگەڕێیتەوە**



**ئەمسەرەکەی ...**
**ئەوسەرەکەی...**
**ئەڕۆی... ئەڕۆیت و... دێیتەوە**
**نەك وەڵامێ**
**نەك سۆراخێ**
**تۆ ئاوڕێك نادەیتەوە...**

(قەسیدەی دەمەو ئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە. لاپەڕە: ٢٨)

یان:

**کە گەڕامەوە...**
**بەقەد هەموو شاخەکانی ئەم وڵاتە**
**بەقەد هەموو ئاخەکانی ئەم وڵاتە**
**خۆشەویستیم بۆت هێنابوو**
**وەك ئیبراهیم**
**تووڕیان دامە ناوئاگری گومانەوە...**

(قەسیدەی شیرین و یادگارەکانی رەحیماوە ١٩٧٤ لاپەڕە: ٦٦)

یان:

**لەنێوانی مژدەو رقدا**
**خۆشەویستیت لەدایکبوو**
**ئەهاتمە لات، چاوەکانت رۆژنامە بوون**
**سەر تا خوارێ**
**دەنگوباسی وڵاتم تیا ئەخوێندەوە:**
**هۆنراوەی سوور،**
**فرمێسکی ئاڵ و بزەی وێڵ،**
**کۆچی سەرلێشێواوی خێڵ،**
**پرسیاری زۆر...**
**سەدان نهێنی سەربڕاو،**
**بڕوای هەتیو...**

(قەسیدەی تینوێتی و زستانی جوان- ١٩٧٥، لاپەڕە ٧٣)

یان:

**کوژرام و زیندوو بوومەوە**

**مانگی کوێستان...**

**تریفەکەی،**

**بەسەر رووباری هەناوما ئەخولایەوە**

**گیانە ئەوسا**

**پارچەیەك بووم لەگزنگی (کانی ماران)**

(قەسیدەی تینوێتی و زستانی جوان- ١٩٧٥، لاپەڕە ٧٣)

لەو هاتوچۆیەدا شەوێك لەگوندی کانی مارانی سەر بەقەزای رانیە مامەوە. تاریك و روونی بەیانی بوو لەخەو هەڵیانساندم و وتیان جەیش هات. بەپەلە خۆم و ئەو پێشمەرگەیەی لەسەرکردایەتییەوە بۆ پاراستنم دانرابوو لەخەو راپەڕین. تا گوندی قەشقەی بەرامبەر دەرماناو لەگەڵدا هات و حیمایەی دەکردم، خۆشی هەر خەڵکی کانی ماران بوو. ئەو دەمانچەو کلاشینکۆفی پێ بوو، بەڵام من چەکم هەڵنەدەگرت. بارە دەروونییە شڵەژاوەکەی خۆم و دیمەنی ئەو گزنگەی بۆنی خوێنی لێدەهات هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. ئەو سەفەرە من لەقەشقەوە بەکەڵەك بۆ گوندی دەرماناو لەزێیەکە پەڕیمەوەو ئەویش بۆ سەرکردایەتی دەزگای پاراستن دەگەڕایەوە لەناوچەی ناوپردان کە هەر لەوێش کاری دەکرد.

ئەو تاقیکردنەوە خەتەرناکەم لەگەڵ دەزگای پاراستندا بێجگە لەخودی خۆم تاڵە موویەك زیانی بۆ هیچ کەسێك نەبوو، کەسیش بەهۆی قومبەلەکانەوە نەکوژران. سوودەکەشی بۆ ئەدەبی کوردی، ئەو قەسیدانە بوون کە لەسەرەوە ناوم هێناون.

❊❊❊

هەندێك رەخنەم لێ گیراوە کە درێژەم بەباسکردنی تابلۆ داگرتنەکەی یەکێتی نووسەرانی کەرکوك نەداوە. لەدیدارەکەدا گفتم بەخوێنەری بەڕێز دا کە لەدەرفەتێکی تردا ئاوڕ لەو رووداوەدەدەمەوەو وردەکارییەکانی روونەکەمەوە.

کە یەکەم دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەرانی کەرکوك دامەزرا، دوا بەدوای ئەویش یەکەمین لیژنەی رۆشنبیریی پێکهات بریتی بوو لەفوئاد تاهیر سادق و عەبدوڵڵا سەڕاج و لەتیف هەڵمەت و سەلام محەمەد. ئێمە سەرپەرشتی گشت کۆڕە ئەدەبییەکان و چالاکیەکانی یەکێتیمان دەکرد. کلیلی بارەگاکە لای فوئادی تاهیر سادق بوو کە



لەهەمانکاتدا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریش بوو. جارجار نەدەهات یان دوادەکەوت تا لەڕۆژی٢/٢/١٩٧٢دا من و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا سەڕاج و رەحمەتی ئیسماعیل رۆژبەیانی لەبەر دەرگادا چاوەڕێی هاتنیمان دەکردو زۆریش چاوەڕێمانکرد. پێشتر چەند جارێك گلەییمان لێی کردبوو کە زۆربەی کات بارەگا داخراوەو دەبێت رۆژانە کاتی دیاریکراو هەبێت بۆ کردنەوەو داخستنی.

ئێمە زۆر تووڕە بووین و وتمان لەوەدەچێت گلەیی سوودی نەبێت. چی بکەین و چی نەکەین؟ هەر مشتومڕمان بوو تا لەپڕێکدا لەتیف هەڵمەت وتی: وەرن کوڕینە تابلۆکەی بەر دەرگا داگرینە خوارەوە. نایدەینەوە تا داخوازییەکانمان جێبەجێ نەکرێت و لەسەرووی هەموو شتێکەوە دەبێت لەمەودوا کلیلەکە لای خۆمان بێت.

پێش داگرتنی تابلۆکە وتووێژێکی زۆرمان کرد. گەرمەی رێکەوتنەکەی ١١ی ئازار بوو. نە حوکمەت و نە لقی سێی پارتیش بەو کارە رازی نابن و ئەگەر قانوونی رێکخراوە پیشەییەکان جێبەجێ بکرایە، حەپس دەکراین و سزایەکی توندیش دەدراین. خوالێخۆشبوو ئیسماعیل رۆژبەیانی کارەکەی بەدڵ نەبوو، دەسبەجێ جێیهێشتین. ئێمە بڕیاری خۆمان جێبەجێکردو تابلۆکەمان هێنایە خوارەوە کە لەسەری نووسرابوو بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك. هەرسێکمان واتە من و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا سەڕاج تابلۆکەمان برد بۆ بارەگای کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لەکەرکوك، کە ئەوسا جەمیل جێماو سەرۆکی بوو. یەکێك لەقسە خۆشەکانی جەمیل جێماو ئەوەبوو، کە لێت دەپرسی بۆچی نازناوی جێماوی هەڵبژاردووە، دەیوت من خۆم جێنەماوم، بەڵکو گەلی کورد لەکاروان جێماوەو منیش کوڕی ئەو گەلەم، کەواتە جێماوم. خوا هەڵناگرێت زۆر بەگەرمی پشتگیریی لێکردین و وتی ئەگەر نیازی خۆپیشاندانتان هەیە ئامادەم هەموو ئەندامەکانمان کۆبکەمەوەو تیایدا بەشدار بن. پێشنیازەکەمان بەلاوە پەسەند بوو، تەنانەت وتیشمان ئێمە هەرسێکمان دەکەوینە پێش خۆپیشاندەرەکانەوەو تابلۆکەی یەکێتیی نووسەران بەرز دەکەینەوە. سەرەڕای ئەوەی خۆپیشاندانەکە ناقانوونیی بوو، هەروەها ئەگەری سەرکەوتنی لاواز بوو.

لە بری ئەوە رێکەوتین بەیاننامەیەك دەربکەین و تێدا روونی بکەینەوە کە چیمان دەوێت و بۆچی تابلۆکەمان داگرتووە. پاشان بەدەستخەت چەند وێنەیەکی لەسەر بنووسینەوەو بەهەموو لایەکدا بڵاوی بکەینەوە. تابلۆکەمان بەئەمانەت لەکۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی جێهێشت و لەتیف هەڵمەت رەشنووسی بەیانەکەی نووسی، ئێمەش تێبینی و سەرنجەکانی خۆمان خستە سەری و لەخوارەوە هەرسێکمان ئیمزامان کرد. زیاتر لەبیست وێنەمان لەبەری نووسیەوە و بۆ مەڵبەندی گشتی یەکێتی و

لقەکانی و رۆژنامەی هاوکاری و برایەتی و شوێنی تریشمان نارد.

بەڕاستی بەیانێکی تووڕە بوو. هیچ رۆژنامەو گۆڤارێکی ئەو سەردەمە نەیدەوێرا بڵاوی بکاتەوە. بڕگەیەکی بەیانەکەم تەواو دێتەوە یاد کە نووسیبوومان (ئەگەر ئەو میزەی کاتی خۆی شاعیرێکی سوریالی کردیەسەر گڕی ژێر کەوانی سەرکەوتندا لەپاریس یاخیبوونێك بێت لەسیاسەتی ئەوسای فەرەنسا، ئەوا ئەم کارەی ئێمەش یاخیبوونەلەو قەوارەیەی کە یەکێتییەکەمانی تیادا دیلکراوە).

دەستەی بەڕێوەبەری ئەوسا کە پێکهاتبوو لەخوالێخۆشبووان شێخ رەئووفی خانەقاو شێخ عەبدولعەزیزی خانەقاو مامۆستا تاهیر سادق، هەروەها مامۆستایان عوسمان مستەفا خۆشناو و فوئادی تاهیر سادق و شێخ حوسێن بەرزنجی. چەند جارێك بۆ گەڕاندنەوەی تابلۆکەو مەرج و داخوازییەکانی ئێمە کۆبوونەوە. تەنانەت هەڕەشەی شکاتیشمان لێکرا، بەڵام وەك خۆماشمان ئاگادار بووین مەڵبەندی گشتیی لەبەغدا بەتایبەتی یادیان بەخێر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم بەو شکاتە رازی نەبوون و دەیانزانی ئەنجامەکەی بەدادگاو حەپسکردنی ئێمە دەکەوێتەوە. وتبوویان هەر بەقسەی نەرم و خۆش ئیقناعیان بکەن، نەك بەهەڕەشەو گوڕەشە.

هەموو ئێوارەیەك بارەگای یەکێتی وەك هۆڵی کۆمەڵەی نیشتمانی شۆڕشی فەرەنسی لێهاتبوو لەبەر وتووێژو مفاوەزاتی ئێمە بەرامبەر بەسەرجەمی ئەندامەکانیتر کە پشتگیری دەستەی بەڕێوەبەریان دەکرد. ئێستاش خوتبە بەجۆش و خرۆشەکەی شێخ فایەقی نەقشبەندیم دێتەوە بیر، کە هەوڵی دەدا بەهێنانەوەی نموونەو بەڵگەی مێژوویی بیسەلێنێت کارەکەی ئێمە هەڵەیەو لەگەڵ بەرژەوەندیی شاری کەرکوکدا ناگونجێت.

یادی بەخێر شێخ فایق هەمیشە قسەی خۆشی دەکردو زۆر جار لەگەڵ فازیل جافی هونەرمەندا دەمەتەقێی گەرموگوڕیان دەبوو دەربارەی نەزەرییەی قیروسیا. لەقسە خۆشەکانی تری شێخ (بەدیع هەیەو بەیان هەیە، جیناس هەیەو تیباق هەیە، قیمە هەیەو قیەم هەیە).

هەرچۆنێك بێت دەستەی بەڕێوەبەر بەداخوازییەکانمان رازی بوون و عەبدوڵلا سەڕاج لەئێمە جیابووەوە. وتی مەبەستی خۆمان وەدی هێناو داخوازییەکانمان جێبەجێ دەکرێن، ئیتر دەبێت ئێمەش تابلۆکە بگەڕێنینەوە، بەڵام لەتیف هەڵەت و من داوای گەرەنتیمان لەدەستەی بەڕێوەبەر کرد. گەرەنتیەکەش کلیلی بارەگاکە بوو کە دەمانویست لای خۆمان بێت و ئەوانیش رازی نەبوون. ئێمە بەیانێکی دیکەی چەند دێڕمان نووسی و هەموو مەسئوولییەتەکەمان خستە ئەستۆی هەردووکمان و سووریش بووین لەسەر



ئەوەی ئەگەر کلیلەکەمان نەدەنێ تابلۆکە نادەینەوە.

ئەوەبوو لەیەکێك لەو کۆبوونەوانە مشتومڕێکی توندوتیژ کەوتە نێوان لەتیف هەڵەت و فوئادی تاهیر سادق، کە لەئەنجامدا فوئادی تاهیر سادق کۆنترۆڵی بەسەر خۆیدا نەماو هێرشی کردە سەر لەتیف هەڵەت و ویستی یەخەی بگرێت. بەداخەوە کێشەیەکی رۆشنبیریی لەو بابەتە بەمجۆرە کۆتاییهات. لەتیف هەڵەت بەدڵشکاویی رۆیشت و چاك دێتەوە بیرم کە بەپێوە راوەستابووم و لەچوونە دەرەوەدا بووم، خوالێخۆشبوو شێخ رەئوفی خانەقا کە سەرۆکی یەکێتی بوو رووی دەمی کردە من و فەرمووی حەزم نەکرد ئەم کارە روویداو دەبێت فوئاد داوای لێبووردن لەهەڵەت بکات، بەڵام کاکە ئێوەش لەتامتان دەرکردووە، ئەدیب ناوەکەی بەخۆیەوەیە کە دەبێت بەئەدەب بێت. بەپەلە چوومە دەرەوە، بەڵام هەڵەت لەو ناوە نەمابوو. پاشان بۆ رۆژی دوایی فوئادی تاهیر سادق داوای لێبووردنی لەهەڵەت کرد.

نە بەیانە سێقۆڵیەکەو نە روونکردنەوە دووقۆڵیەکەش لای کەسمان نەماوە مەگەر لەئەرشیفی رۆژنامەکانی ئەو رۆژگارەدا بدۆزرێنەوە، کە ئەویش زەحمەتە. هەر لێرەشەوە تکا دەکەم ئەگەر کەسێك لای خۆی پاراستوویە با بڵاویان بکاتەوە. دڵنیام لەلایەکەوە هەر سەرهەڵدەدەن.

ئەمەبوو وردەکارییەکانی داگرتنی تابلۆی بارەگای نووسەرانی کەرکوك کە رۆماننووس عەبدوڵلا سەڕاج گلەیی کردبوو ناویم نەهێناوە. ئەو چەند دێڕەی لەدیدارەکەشدا هاتووە ناوی هەرسێکمانی تیایە. لەتیف هەڵەتیش ئەوەی دووپاتکردەوە کە لەسەرەتادا لەگەڵماندا بوو، بەڵام پاشان لەئێمە جیابووەوە هەر لەبەر ئەوەش بوو روونکردنەوە دووقۆڵیەکەمان نووسی و گشت مەسئوولیەتەکەمان خستە ئەستۆی خۆمان.

* * *

لە دیدارەکەدا باسی هەموو هاوڕێکانم و نووسەرانی کەرکوکم نەکردووە، تەنیا لەبەرئەوەی بوارەکە هەر ئەوەندە هەڵدەگرێت، ئەگینا زۆر ناوم لەیادەو زۆری تریش هەبوون دەوری بەرچاویان هەبوو لەپانتایی رۆشنبیریی شارەکەدا. ئەگەر بەزۆریی ناوی لەتیف هەڵەتم هێناوە، هۆی ئەوەیە من باسی شیعری نوێی کوردیم کردووە لەشاری کەرکوك و لەسەرەتای حەفتاکاندا، نەك چیرۆك و بابەتی دیکە. ئەوساش بەنیسبەت شیعرەوە من و هەڵەت دیارترین شاعیری ناو شار بووین و لای هەموو خوێنەران ناسرابووین و لەناوەوەی کەرکوکدا هیچ شاعیرێکی تر نەبوو وەکو ئێمە شوێن پەنجەی بەشیعری نوێوە دیار بێت، بەڵام لەدەرەوەی شاردا شاعیری چاکمان هەبوون کە لەدیدارەکەدا ناوم هێناون.

ئەڵبەتە نووسەرو هونەرمەندو چیرۆکنووسمان زۆر بوون کە ناوم نەهێناون و ئامادەبوونێکی گرنگ و بەردەوامیان هەبوو لەسەرانسەری گۆڕەپانی ڕۆشنبیریدا، لەوانە برایانی بەڕێز: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، محەمەد موکری، غەفور ساڵح، مستەفا زەنگەنە، جەلیل کاکەوەیس، زایەر ڕۆژبەیانی، (خوالێخۆشبووان خەلیل خوێناوی، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی، مستەفا پەژار و ڕەئوف هەمەوەندی)، یوسف سدیق زەنگەنە، ئەحمەد بێکەس، عوسمان شکور و فەرمان نەبەرد و کەسانی تریش کە لەم ئانوساتەدا ناکەونەوە بیرم. هەروەها چەند هونەرمەندێکی ڕۆشنبیرو بەتوانای وەك سەلمان فایەق و فازیل جاف و عەلی کەریم و جیهاد دڵپاك و هەندێکی تریش کە لەسەرەتای حەفتاکاندا جموجوڵێکی هونەریی تازەیان لەشارەکەدا دروستکردو تەکانێکی بەگوڕیان دا بەهونەری کوردی. شانۆگەری دایکی شەهید کە لەتەمموزی ١٩٧٠دا نیشاندرا لەنووسینی مستەفا پەژارو دەرهێنانی سەلمان فایەق و نواندنی فازیل جاف و چەند ئەکتەرێکیتر، سەرەتای دەرکەوتنی ئەو کاروانە هونەرییە بوو.

ئەو شاعیرو نووسەرانەی لەدەرەوەی شاردا بوون و بە بەردەوامی لەکەرکوکدا نەدەژیان وەك بەڕێزان: ئەحمەد شاکەلی و فەرهاد شاکەلی، هەروەها ئەمجەد شاکەلی کە سەربازییەکەی لەکەرکوکدا تەواوکردو پاشانیش هەر لەوێ دامەزرا، وەك چۆن هەڵەتیش هەر لەکەرکوکدا سەربازیی کردو پاشان دوکانی شەربەی کردەوە. هەموویان ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لەو جموجووڵە ڕۆشنبیرییە بەگوڕو گوژمەدا.

ئەو بەڕێزانەی کە لەدیدارەکەدا ناوم هێناون بەپێویستم نەزانی لێرەدا دووبارەیان بکەمەوە،هەموویان بەشێك بوون لەبزووتنەوەی ڕۆشنبیریی شارەکەدا. کۆمەڵێك هاوڕێم هەبوون سەرەرای دەریایەك بیرەوەریی و یادگاریی هاوبەش هەر ناویشم نەهێناون. دڵنیاشم لەوەی کە فریای ناوی گرنگ نەکەوتووم و هیچ مەبەستێکم نەبووە. لەگەڵ برایان محەمەد موکری و غەفور ساڵح و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و زایەر ڕۆژبەیانی و جەلیل کاکەوەیس-دا یادەوەریی خۆش و هاوبەشمان زۆرە. چەندین بەسەرهاتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و شەوانی یانەی مامۆستایانم لەبیر ماون. لەرەحیماوەشدا شەوان لەچایخانەکەی ڕەحمەتی حەمەساڵح، من و جەلیل کاکەوەیس و کۆمەڵێك برادەری ئەدەب دۆست و هونەردۆستی دیکەدا جار جار تا درەنگانێ کۆدەبووینەوەو وتووێژ گەرمبوو دەربارەی دین و ڕوانگەو شیعری نوێ و زۆر شتیتر. ڕۆژی بەفربارینەکەی کەرکوك بەسەرگەرمی چووم بۆ ماڵی زایەر ڕۆژبەیانی لەشۆڕیجەو چەندجارێك بەتەلەفۆن یادی ئەو ڕۆژە خۆشەمان کردووەتەوەو دەمانوت ئەوە بەفرەکەش سەلماندی کە کەرکوك



کوردستانە.

بەسەرهاتێکی دیکە کە باسم نەکردووە، هەر لەنیوەی یەکەمی حەفتاکاندا بوو (١٩٧٢ یان ١٩٧٣)، لەگەڵ فەرهاد شاکەلی شاعیردا پرۆسەیەکمان بەدەستەوە بوو گەشتێك بەگوندەکانی دەوروبەری کەرکوك و کوردستاندا بکەین. ئەم گەشتە لەبنەڕەتەوە بیرو پێشنیازی کاك فەرهاد بوو، منیش بەخۆشحاڵییەوە ئامادەیی خۆم دەربڕی بۆ بەشداربوون و هاوکاریکردن. وەك من بزانم نیازی ئەوەمان هەبوو بەماتۆڕ ئەو گەشتە بکەین. ئەوسا گشت دێهاتەکان و تەنانەت تاکوتۆك نەبێت قەزاو ناحیەکانیش بەهۆی ڕێکەوتنەکەی ١١ی ئازارەوە لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی پارتیدا بوون. بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی پارتیش ئەم پرۆسەیە جێبەجێ نەدەبوو. سەبارەت بەوەی کە من پارتی بووم و ئەوسا ئەندامی لیژنەی شار بووم لەیەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا، لەگەڵ کاك فەرهادا وا ڕێکەوتین من ڕەزامەندییەکە لەلقی سێی پارتی وەربگرم. بەداخەوە داواکە پەسەند نەکراو پرۆسەکەی ئێمەش سەری نەگرت. کاتێك پرسم لەفەرهاد شاکەلی کرد بۆ ساغکردنەوەی چۆنێتی سەرهەڵدان و ئامانجی پرۆسەکە، دەرکەوت من تەنها کەمێکیم لەیاد ماوە. لەبەر گرنگی ئەو جۆرە بۆچوون و بیرکردنەوەیە لەو سەردەمەدا بەپێویستمزانی دەقی نامەکەی فەرهاد شاکەلی وەك خۆی بڵاو بکەمەوە:

**برای شیرینم کاك سەلام**
**سەڵاو و ڕێزو خۆشەویستی.**

**نازانم بۆچی هەمیشە کە باسی رابوردوو دەکەین، وەك سەردەمێکی زۆر جوان و فێنك و خۆش و نایاب دێتەوە بیرمان. دەزانم ئەمە جۆرە نۆستالژیایەکە لای هەموو کەس هەیە. کێ هەیە ساڵانی منداڵیی خۆی پێ جوان نەبێت، یا ساڵانی هەرزەکاریی؟ بەڵام ئەگەر بەڕاستی وێنەیەکی زیندووی ئەو سەردەمە بخەیتە بەردەست دەبینی ئەودەمیش وەك ئێستا لەزۆر شت بێزار بووین و زۆر شتمان بەدڵ نەبووە. بەهەرحاڵ ئەمە سرشتی مرۆڤە، خوا وای ئافراندووە. هاوکاتیش ئەمە میکانیزمێکی کارکردنی مێشکە؛ ئەگەر مێشك شتە ناخۆشەکانی نەسڕایەتەوە مرۆڤ شێت دەبوو، چونکە بەرگەی ئەو هەموو یادگارە تاڵ و گوشارهێنانەی نەدەگرت.**

**کاکە گیان: دەتەوێ لەبارەی ئەو گەشتەوە کە نیازمان بوو بیکەین، بنووسیت. وا دیارە لەمەیاندا بیری من لەهی تۆ تیژترە، چونکە بابەتەکە**

راستەوخۆ پێوەندیی بەخۆمەوە هەیە. گەرمیانی وتەنی حاڵ و مەسەلە وەی تەورەو وەی تەرحە بوی (بوو):

من لەو ساڵانەدا ئەدەبییاتی چەپایەتی و مارکسیستیم زۆر دەخوێندەوە. دیارە زۆریش بیرم لەمەسەلەی نەتەوایەتیی کوردستان دەکردەوەو دەمویست بزانم داخۆ ئێمەی لاو و خوێندەوار چیمان پێدەکرێت بۆ نەتەوەو نیشتمانەکەمان. لەناو ئەو کتێبانەدا کە خوێندبوومنەوە هەندێکیان یا لەبارەی شۆڕشگێڕی شەهیدی مرۆڤایەتی ئەرنیستۆ چێ گیڤارا (١٩٢٨-١٩٦٧)وە بوون، یا نووسینەکانی خۆی بوون. لەنووسینێکیدا کە ڕۆژنامەی ئەو ساڵانەیە کە هێشتا خوێندکارو لاو بوو، باسی ئەوەی دەکرد چۆن بڕیاریدابوو بەمۆتۆرسایکل، لەگەڵ هاوڕێیەکیدا، بەهەموو ئەمریکای لاتینیدا گەشت بکات بۆ ناسینی نیشتمان و نەتەوەی خۆی. دیارە ئەمریکای لاتینی ئەگەرچی دەوڵەتی جیاوازن، بەڵام لەڕووی زمان و فەرهەنگ و پاشخانی سیاسییەوە هەر وەك یەك وڵاتن. ئەم نووسینەی گیڤارا منی خستە سەر ئەو بیرەی کە بۆچی من هەوڵ نەدەم کوردستانەکەی خۆم بناسم و بەناوچە جیاوازەکانیدا بگەڕێم. ئەوە بوو لەگەڵ تۆ قسەم کرد کە سێ مانگەی هاوینی ١٩٧٢ بچین بەزۆرترین ناوچەی کوردستاندا بگەڕێین. ڕاستییەکەی، نەخشەکەی من ئەوە بوو کە هەر نەبێت ناوچەکانی کەرکووك و قەراغ و شارەزوورو سلێمانی و تا دەشتی هەولێرو ئەولاتریش بچین و هەموو ئەمەش بەپێ بگەڕێین، نەك بەمۆتۆرسایکل. بیری مۆتۆرسایکل پێموایە لەوەوە لای تۆ ماوەتەوە، کە ڕەنگە من باسی ئەوەم کردبێت گیڤارا بەمۆتۆڕ گەشتەکەی کردووە، ئەگەرنا من نە ئەوساو نە ئێستاش نەمزانیوەو نازانم مۆتۆڕ لێ بخوڕم. بەداخەوە ئەو کاتە پارتی ڕێگەی پێ نەداین، ئەگەرچی تۆ خۆت ئەندامێکی چالاکیش بوویت.

من ئەو خەونەم هەر لەدڵدا مابوو. کە یەکەمجار بووم بەپێشمەرگە (بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥)، هەلێکم دەستکەوت و ئەوە بوو بەبیانووی ڕیپۆرتاژەوە بۆ ڕادیۆی دەنگی کوردستان، بەپێ گەشتێکی باشم کرد بۆ ناوچەکانی گەرمیان، هەردوو دیوی سیروان، دەشتی کەرکووك و سەنگاو، لەدەربەند باسەڕەوە بۆ ناو قەراغ و لەوێیشەوە بۆ شارەزوورو هەورامان. هەموو ئەمە نزیکەی مانگ و نیوێکی پێ چوو. دواتریش بۆم



هەڵکەوت بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ببینم: کوردستانی ئێران و سووریاو تورکیا. تەنانەت ئەوەیشم بۆ هەڵکەوت لەبەیرووت بژیم و لەگەڵ کوردەکانی لوبنان ئاشنایەتی پەیدا بکەم و ساڵانی هەشتاکانیش دوو جار سەری کوردەکانی ئەرمەنستان و گورجستان و ئازەربایجانیشم داو هەر جارێك نزیکەی مانگێك لەناویاندا مامەوە.

منیش، وەك تۆ، پێموایە ئەگەر ئێمە ئەو گەشتەمان بکردایە، بەڕاستی دەبوو بەسەرچاوەیەکی نایابی ئەدەبی و سیاسییش لەبارەی سەردەمێکی ئێجگار ئاڵۆزی مێژووی کوردستانی عێراقەوە. ئێمە هەر ئەوە نەبوو کە دوو سێ گەنجی دڵگەرم بووین، بەڵکە شاعیرو نووسەریش بووین و لەچاو زۆر گەنجی ئەوسەردەمەیشدا بزێو و خوێندەوارو چاوکراوە بووین.

پێموایە یەك دوو ساڵێك لەمەوبەر بوو، فیلمێکم لەبارەی ئەو گەشتەی گیڤاراوە بینی. فیلمێکی زۆر جوان بوو. ئەگەر هەڵە نەبم ئێستاش فیلمێکی تازە لەبارەی گیڤاراوە بەرهەم هێنراوەو هەمووی چەند حەفتەیەکە گەیشتووەتە سوێد. من خۆم هێشتا نەمبینیوە، بەڵام منداڵەکانم، کە ئێستا لەو تەمەنەدان کە من و تۆ دەمانویست ئەو گەشتە بکەین، زۆر بەدڵگەرمییەوە باسیان دەکرد. بەو هیوایەی ئەوەی بۆ ئێمە نەگونجا، لاوانی ئەمڕۆ هەوڵی بۆ بدەن.

**جارێکی دیکەش خۆشەویستیم**

**فەرهاد شاکەلی**

**سۆللەنتوونا، شەوی ٢١/٧/٢٠٠٩**

❊ ❊ ❊

کتێبخانەی ئاسۆ لەشەقامی جمهوری کەرکوکدا کە خاوەنەکەی کاك جەبار بوو بنکەیەکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆ بوو بۆ خۆی لەتەواوی شارەکەدا. ڕۆژانە خوێنەران و نووسەران ڕوویان تێدەکردو لەبەر دەرگاکەیدا کۆدەبوونەوەو وتووێژی ئەدەبی و هونەرییان دەکرد. نیازی بینینی هەرچی برادەرێکت هەبووایە، دەتوت لەبەردەم کتێبخانەی ئاسۆدا چاومان بەیەك دەکەوێت. بۆ کێ دەگەڕایت لەوێ دەتدۆزییەوە.

کاك جەباریش هەموو جۆرە کتێب و رۆژنامەو گۆڤارێکی کوردی و عەرەبی پەیدا دەکردو شارەزاییەکی چاکی هەبوو لەزەوقی خوێنەرو کتێبی بایەخداردا. هەمیشە بەردەمی کتێبفرۆشییەکەی لەکۆڕی ئەدەبی و فێستیڤاڵی هونەریی دەچوو. بۆ من و لەتیف هەڵەتیش ئەمە فرسەتێك بوو خوا رێکی خستبوو بۆ خوێندنەوەی شیعرو بڵاوکردنەوەی بیری نوێخوازیی. رۆژانە کۆڕی سەرپێیمان دەبەست و هەر کەسێك ئارەزووی گوێگرتنی هەبووایە شیعرمان بۆ دەخوێندەوە. دەبووە قەرەباڵغییەك، کاك جەبار جارجار دەهاتە دەرەوەو دەیوت کاکە بەسیەتی بەو خوایە ئێوە موشکیلەیەکی گەورەم بۆ دروستدەکەن.

لەتیف هەڵەت رۆژێك بیرێکی سەیری بۆ هات. وتی تۆ خۆت ناوت سەلامە، باشە پێم ناڵێی کورد کە سڵاو لەیەکتری دەکەن بۆچی بەعەرەبی دەڵێن سەلام و عەلەیکوم؟ ئەدی بۆچی بەکوردی سڵاو ناکەن؟ وتم ئەوە نییە دەڵێن رۆژباش یان شەوباش و بەیانیت باش؟ وتی من مەبەستم سڵاوێکە بۆ گشت کاتێك بگونجێت. پاشان وتی وەرە با سڵاوی کوردی بگۆڕین و لەخۆمانەوە دەستپێبکەین. کە هاتین بڵێین بژی کورد کە رۆیشتین دیسانەوە بڵێین بژی کورد. هەرچەندە سڵاوەکە تا رادەیەك لەهای هیتلەرەوە نزیك بوو، بەڵام هیتلەر تەنها یەك نەفەر بوو کوردیش گەلێکی تەواوو نەتەوەیەکی مێژووییە. سەرەتا لەهەردووکمانەوە دەستمان پێکرد، ئینجا بڕیارماندا چاومان بەکێ بکەوێت و بۆ هەرچی جێگایەك بچین سڵاوەکەمان بژی کورد بێت. لایەنگرمان کەم بوو، بەڵام ئێمە بەردەوام بووین. گشت جارێ کە دەچووینە ناو کتێبخانەی ئاسۆ هەردووکمان بەبژی کورد سڵاومان دەکرد و کاك جەباریش تەماشای ئەملاولای دەکرد، چونکە هەموو جۆرە کەسێك؛ کورد، عەرەب، تورکمان، ئاسوری و چاك و خراپ دەهاتنە کتێبخانەکە. تا رۆژێکیان ئارامی لەبەر بڕا و چییتر لەحەوسەڵەیدا نەما. ئێمە بەبژی کورد چووینە ژوورەوەو لەجیاتی بەخێربێن بەدەنگێکی بەرزەوە وتی ئەرێ کاکە بۆ سەرم دەقوڕا ئەکەن و بەگرتنم ئەدەن؟ بژی بژی چیتانە؟ تکاتان لێ دەکەم وازبێنن، کتێبخانەکە دایم پڕە لەئەمن و ئیستیخبارات، ئیتر هیوادارم دووبارەی نەکەنەوە، چونکە من خۆم وەزعم تەواو نییە و هەر نۆرەی ئەمەیە.

کاك جەبار راستی دەکرد و ئێمە لەدڵپاکی و سادەییەوە بیرمان بۆ لایەنە سیاسییەکە نەدەچوو. وردە وردە خۆمانیش سارد بووینەوە و نەمانتوانی سڵاوی کوردی بگۆڕین. برای عەزیزم لەتیف هەڵەت ، ئێستا لەسوێدەوە ئەم بیرەوەرییانە دەنووسمەوەو پڕ بەدەم لێرەوە هاوار دەکەم و پێت دەڵێم بژی کورد، هەزاران جار بژی کورد.

***



دەڵێن ئەو شیعرە تازانەی لەم دووایەدا بڵاوم کردوونەتەوە، بەبەراوردکردن لەگەڵ شیعرە کۆنەکانمدا بەهێز نین و چاوەڕێی بەرهەمی زۆر لەوە سەرکەوتووتریان لێم دەکرد. بیست ساڵ زیاترە من شیعر نانووسم و بەڕێکەوتیش هەندێك کۆمەڵە شیعرم خوێندووەتەوە کە بۆیان ناردووم. دانی پیادا دەنێم موتابەعەی ئەو گۆڕانکارییانەشم نەکردووە کە بەسەر شیعری نوێی کوردیدا هاتوون. دەڵێن بۆیە وتوومە خوێندنەوەم لەنووسین پێ بایەخدارترە، چونکە توانای نووسینم نەماوەو لەکاروانی بەرەوپێشەوەچووی شاعیرانی هاوڕێم جێماوم و نەمتوانیوە گوڕوگوژم و تەکانێکی هەستپێکراو بەو دەنگە تایبەتییەی لەسەرەتای حەفتاکاندا هەمبوو بدەم. گوناحم دەگاتێ ئەگەر بڵێم توانای نووسینم نەماوە، وەلێ بەلامەوە گرنگە ئەوەی دەینووسم پێش من کەس نەینووسیبێت. ئەمڕۆ ماڵی میدیای کوردی ئێجگار ئاوەدان و قەرەباڵغە. ئەگەر چەند دەنگێکی لێ دەربکەین مەحشەرێکە بۆ خۆی، بورهان جاهدی رەحمەتی وتەنی قرگە قرگی شاعیرانە هەروەکو (سوق الدجاج). تا شتێکی جوان و شیرین دەخوێنیتەوە دەبێت مەزاجت بەدەیان بابەت و نووسینی کرچوکاڵ و لاساییکردنەوە و لاواز بورووژێنیت. دەبێت وەك باخێك بەڕێکەوت تاموچێژی پرتەقاڵێك، سێوێك یان هەنارێکی مزر بکەیت. شووتی جۆری زۆرە، بەڵام شووتی ساغ و بڵ لەکوێ دەبنە یەك. تەنانەت زۆر لەوانەی کوردییەکی پاك و پاراو فێر بوون، نووسینەکانیان شتی تازەی تێدا نییەو دووبارەکردنەوەیەکی پەتییە. پەلە دەکەن لەبڵاوکردنەوە. ئەم برادەرانە نووسین بەلایانەوە وەك ئاوخواردنەوە ئاسانە. بەردەوام دەنووسن، چونکە حەزیان بەنووسینەو کاتی خۆیانی پێ بەسەر دەبەن. بەردەوام کتێب بڵاودەکەنەوە، چونکە حەزدەکەن ببن بەخاوەنی زۆرترین ژمارەی کتێبی چاپکراو. هەیە چەند وشەیەکی سەقەتی لەیەکداوەو کردوویەتی بەکتێب و بڵاوی کردووەتەوە. دەڵێت بۆ ساڵی داهاتووش هەر لەئێستاوە دیوانێکی تری بۆ چاپ ئامادەیە. زۆر کتێب و نووسینی چاکیشمان هەن پشتگوێدەخرێن و تەنانەت وەکو ریکلامیش لەگۆشەیەکی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا ناوی ناهێنن. بۆ ئەوەی هەر بەشیعرو رۆمان و چیرۆکەوە نەگیرسێمەوە، بابەتێکی دیکە دەهێنمەوە ئەویش کتێبی ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ-یە، کە دیدارێکە حەکیم کاکەوەیس لەگەڵ ئەمجەد شاکەلی سازیکردووەو وتووێژێکی سوودمەند هەڵدەگرێت، بەڵام وەك خۆی باسیکرد تەنیا شاعیر عەباس عەبدوڵڵا یوسف بەعەرەبی گۆشەیەکی لەسەر نووسیوە. بۆیە ئاماژەم بۆ ئەو کتێبە کرد، چونکە خۆم تازە خوێندوومەتەوە ئەگینا نزیکەی پێنج ساڵی بەسەردا تێپەڕیوەو چ پەیوەندییەکی بەشیعرەوە نییەو بابەتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. ئەوە مشتێکە لەخەروارێك، دەیان بەرهەمی دیکەش هەن رووناکییان نەخراوەتە سەرو ئەوە

سیاسەتە کە ئاوڕ لەنووسەرێك و بەرهەمێك دەداتەوە، نەك ناوەڕۆك و باشی و خراپیی بەرهەمەکە. واتە ئەگەر حزب مەبەستی بێت ناوی یەکێك بەرزبکرێتەوەو لەسەری بنووسرێت و ریکلامی بۆ بکرێت، ئەوە بەر مەرحەمەت دەکەوێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر حزب خۆشیی بەکەسێکدا نەهات، کێ دەوێرێت لەگۆشەیەکی بچووکیشدا ناوی بهێنێت. نووسینگەلێکی زۆری لەو بابەتەمان هەن کە لەسەرنووسین و شیکردنەوەیان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی تاکی کورد. لەڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا کە گەرمەی بانگەشەی هەڵبژاردنە سوودی دەبوو بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەران و گەرمکردنی رادەو پلەی وتووێژی مۆدێرنانە. کورد تەنها پێویستی بەشیعرو چیرۆك و رۆمان و رەخنەی ئەدەبی نییە، بەڵکو لەزۆر بواری تردا ناتەواویی و کەموکوڕی هەن جێگای خۆیەتی بایەخیان پێ بدرێت. ئەمڕۆ رۆژێکە ئەگەر خۆت نەبەیتە پێشەوەو مامەحەمەیی و قوتە قوت نەکەیت، کەس بەهیچت نازانێت و ئاوڕت لێ نادرێتەوە.

ئەدیب و نووسەرو شاعیریش هەن بەکاڵیی، بەکولاویی، بەبرژاویی بوونەتە مۆنۆپۆلی میدیای کوردی. زیاد لەقەوارەو سەنگی خۆیان لەسەریان دەنووسرێت و بەرهەمەکانیان بڵاودەکرێتەوە. خوا نەکات ئەم کوردە حەیاتە بەیەکێکەوە بیگرێت یان دژی یەکێك بێت، ئیتر هەڵیتەکێنە قەزات لەماڵم. وای لێهاتووە کەناڵەکانی میدیا مانگێك پێش گەیشتنی جۆرە بەرهەمێك دەهۆڵی بۆ دەکوتن و پڕوپاگەندەی وەکو چای ئەحمەدو مەحمودی بۆ دەکەن. ئاخر برایان، یاران، (ئەی عەزیزانی وڵاتەکەی نالی) هەموو شتێك بەخوێ و خوێش بەتام. نە تەنها بەدەوری کەسانێکی دیاریکراودا بخولێنەوە نە ئەو زۆرو بۆرییەش. کۆمەڵگەی مەدەنی بەشیعرو رۆمان و هونەر پێك نایەت ئەگەر لەچەندین رووی بنەڕەتیی دیکەوە، بەتایبەتی سیاسەت گەشە نەکات. تازەترین مۆدێلی کۆمپیوتەر بدەینە کەسێك سەری لەبەکارهێنانی دەرنەچێت، بایەخێکی ئەوتۆی نابێت. با تۆ چەندین ماشێنت هەبێت کە نەزانیت ماشێن لێ بخوڕیت سوودیان چییە. کۆمەڵگەی ئێمەش زیاتر لەهەموو شتێك پێویستی بەزانین و شارەزایی و تێگەیشتن هەیە لەگشت بوارە جیاوازەکاندا. کازانتزاکیس لەڕۆمانی زۆربادا دەڵێت، گرنگ شەپقە نییە، بەڵکو ئەوەی ژێر شەپقەکە گرنگە، کە مەبەستی لەمێشك و بیرکردنەوەیە.

بەڵێ خۆشم هەستی پێدەکەم کە ئەو چەند شیعرەی لەم دواییەدا بڵاومکردنەوە درێژەپێدانی تەجرەبەی شیعریم نین. بۆشایی و دابڕانێکی درێژخایەن کەوتووتە نێوان من و نووسین و خوێندنەوەی ئەدەبییەوە، کاتیش بۆ دوواوە ناگەڕێتەوە. لێتانی ناشارمەوە شتگەلێکی ئێجگار زۆر و زەبەند لەناخمدا وەکو شاخی سەهۆڵ بەسەر یەکەوە کەڵەکە بوون و کردوویانەتە دەریایەکی مەییوی پڕ لەشەپۆلی پەنگرو تاشەبەردی



سوورهەڵگەڕاوی تیژ تیژ. لەپڕوپووچی و بێهوودەیی ژیانەکە تێگەیشتووم کە تا هەنوکەش بێمانایی لەگشت ماناکان دیارترو فراوانترە. هەموومان دەزانین کە سارتەر خاوەنی چ فەلسەفەیەك بوو، بەڵام رەنگە زۆرمان ئەوە نەزانین کاتێك لەسەرەمەرگدا بوو باوەڕی بەخودا هێناوە، وەك لەسەرچاوەیەکی سوێدیدا خوێندوومەتەوە. هیچ سەیریش نییە، چونکە پێشتر وتوویەتی ئەگەر خودایەك نەبێت هەموو شتێك ئاساییە. منیش کاتێك دەمەوێت چەند جۆگەلەیەك لەو دەریای بەستەڵەکەی ناخم بەردەمەوە وەك بورکان و لافاوی ئاگر هێرش دەهێنن و نازانم چۆن و لەکوێوە دەست بەنووسینەوەی ئەو شیعرە بکەم و فریای چی بکەوم. ئەمە پرۆسەیەکە یان ترووسکەیەکە پەیوەندی بەخۆم و بیرکردنەوەم و کات و تەمەنمەوە هەیە. دووبارەشی دەکەمەوە ئەگەر جار جارە نالەیەکم لێوەهات تکایە وەکو خۆی لێمی وەربگرن و بەشیعرەکانی سەردەمی گەنجیمەوە گرێی نەدەن و بەراوردی نەکەن. ئەوانە تەنها داڵغەو مەزەندەن. من هەمیشە بەوە دڵی خۆم داوەتەوە نە ئێستاو نە ئەوساش هێشتا ئەو شیعرەم نەنووسیوە کە خەونی پێوە دەبینم. پێمخۆشە بەئارامی و ئاسوودەیی هەر لەو خەونەدا بژیم و نامەوێت هەرگیز بێدار ببمەوە یان زرم زرم لەدەرگاکەم بدرێت و رۆحم راچڵەکێت. شیعر پیرۆزترین شتە لەژیانمدا ئەگەر بینووسم یان بیخوێنمەوە یان نەینووسم یان تەنها هەست بەبوونی بکەم. شیعر نوێژە، دڵ و ویژدان و مۆخیش بەرماڵین. دەزانم ساڵەهایەکەدەستم بەو نوێژە کردووەو بەبێ پچڕانبەردەوامە و کۆتایی بۆ نییە. کاتێك سەلام لەفریشتەکان دەدەمەوەو نوێژەکە تەواو دەبێت ئەو کاتەیە کە دەمرم. نوێژێکی درێژو پڕ لەزیکرو نهێنی و تەسبیحاتە. نوێژی رۆژهەڵات و رۆژئاوابوون، بەختەوەریی و نائومێدیی، رووناکی و تاریکی. بەڵێ، نوێژی جریوە جریوی چۆلەکەی ژیان و لوورە لووری گورگی مەرگ.

**سوید**

١٥ / ٧ / ٢٠٠٩



# منداڵ و زەمینەی رۆشنبیریی منداڵ

لەتیف هەڵمەت

مامۆستاو پسپۆڕی ویژەو پەروەردەی منداڵ فازل عباس الكعبی لەکتێبی (المداخل التربوية)دا دەڵێت:

بەبێ بایەخدان بەمنداڵ و رۆشنبیرێتیی منداڵ هیچ کۆمەڵگەیەك پێشناکەوێت و بەرەوپێشەوە ناچێت، چونکە منداڵ بناغەو شەنگەستەی هەموو کۆمەڵگەیەکەو ئەگەر ئەم بناغەیە تۆکمەو ساغ بوو ئەوا کۆمەڵگە تۆکمەو ساغدەبێت و ئەگەر ئەم بناغەیە چەواشەبوو ئەوا کۆمەڵگەش چەواشە دەبێت.

لەم روانگەیەوە دەبێت زۆر بەرەهایی بڵێم:

*ناکرێت باسی گۆرانی منداڵ بکرێت و باسی شیعرو مۆسیقای گۆرانییەکەو جموجوڵی گۆرانبێژو دیکۆر نەکرێت، هەروەها دەنگ.

لەروانگەی ئەم پێوەرو پێودانگەشەوە کە خستمانەروو کاتێك باسی شیعری منداڵ دەکەین دەبێت باسی رابەرانی ئەو بوارە بکەین و هەوڵە گەشەسەندووەکانی هەموویانمان لەبیر بێت، لەوانە: فایەق بێکەس و زێوەرو بەختیار زێوەرو پیرەمێردو فەرەیدوون عەلی ئەمین و ع.ح.ب.شەونم و گۆران و هتد، بەڵام نابێت ئەو راستییە لەبیربکەین کە هەموو ئەم شاعیرانە لەم بوارەدا کاریگەریی رەسافی و زەهاوی و کامل گەیلانی و محمد بهجت الاثري و ئەحمەد شەوقی و هەندێك شاعیری دی عیراقی و عەرەبییان لەسەربووەو



هەندێك لەشیعرەکانیان فۆتۆکۆپی و وەرگێڕدراوی هەندێك شیعری ئەوانە..

لەبواری چیرۆکی منداڵیشدا مامۆستایانی بەڕێز رەمزی قەزازو نەجمەدین مەلا عەلائەدین سەجادی و عومەر عەبدولڕەحیم و فەرەیدوون عەلی ئەمین، هەوڵی باڵاو کۆششی بەپێزیان بووە... بەتایبەتی مامۆستا رەمزی قەزاز کە لەناوەندی شەستەکانی سەدەی رابردوودا لەئێزگەی کوردی بەغداوە، وەك لەبیرم بێت بەرنامەی چیرۆکی منداڵانی هەبوو، ئەگەرچی بەرنامەیەکی ئاسایی بوو، بەڵام لەهەوڵە باشەکانی ئەو بوارە بوو..

ئەگەر بمانەوێت بەراستی خزمەتی رۆشنبیریی منداڵ بکەین، دەبێت تۆکمەیی و گۆڕانکاریی و نوێگەری ئاراستەکانی بناغەو بنەماکانی رۆشنبیریی منداڵ بەهەند وەربگیرێت و بزانین رۆشنبیریی منداڵ هۆکارێکی گرنگ و بنەرەتییە لەبەرجەستەکردنی منداڵداو لێرەدا بۆمان هەیە بڵێین جۆری رۆشنبیرێتیی کۆمەڵگە، جۆری رۆشنبیرێتیی کەسەکانی کۆمەڵگە دروستدەکات و شێوازەکانی رۆشنبیرێتیی کۆمەڵگەش یەکەیەکی تۆکمەو پێکەڵەو بریتییە لەکۆمەڵێك بیروباوەڕو دابونەریت و شێوازی ژیان و بەکارهێنانی ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان و ئەم رۆشنبیرییەی کۆمەڵگە ئەگەرچی لەگەڵ هەندێك گۆڕانکاریی بنەرەتی و نا بنەرەتیدا وەچەو نەوەکان یەك لەدوای یەك لێکدی وەردەگرن، بەڵام وەرگرتنەکە بەشێوەیەکی زگماك و بۆماوە نییە، بەڵکو لەسەرخۆو بەشێوەی ئەزموونگەریی وەردەگیرێت و خۆ ئەگەر منداڵێکی کورد لەگەڵ لەدایکبوونیدا بریەت بۆ ناو کۆمەڵگەیەکی عەرەبی یان فارسی یا تورکی یا رووسی لەسەداسەد رۆشنبیرێتیی ئەو نەتەوانە لەرێگەی ئەزموونگەرییەوە وەردەگرێت.

هەروەها جاری واش هەیە رۆشنبیریی شارێك و شارێکی دی یەك وڵات و نیشتمان جیاوازیی هەیە بەگوێرەی داب و رەسم و کلتووری ئەو دووشارە، هەر بۆ نموونە رۆشنبیرێتیی منداڵێکی کوردی سلێمانی و هەولێرو کەرکوك و دهۆك و بەغداو موسڵ پێ بەپێی کلتووری ئەو شارانە جۆرێك جیاوازی لەرۆشنبیریی ئەو منداڵانەو تەنانەت لەجۆری ئاخاوتنیاندا دروستدەکات.

جۆری رۆشنبیریی منداڵانیش چەند قۆناغێکی هەیە وەك:

١ - رۆشنبیریی منداڵ لەقۆناغی ساڵانی سەرەتای لەدایکبوونیدا.

٢ - رۆشنبیریی منداڵ لەسەرەتای پێگرتنیدا.

٣ - رۆشنبیریی منداڵ لەچوار پێنج ساڵیداو لەقۆناغی باخچەی ساواییاندا.

٤ - رۆشنبیریی منداڵ لەقۆناغی سەرەتاییدا.

٥ - رۆشنبیریی منداڵ لەقۆناغی ناوەندیدا.

شایانی باسە بەشێوەیەکی گشتیی رۆشنبیریی منداڵ لەخێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دی و لەقوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی دی دەگۆرێت و کەم و زۆر جیاوازیی هەیەو ئاستی رۆشنبیریی ماڵێك کتێبخانەی تێدا بێت زۆر جیاوازە لەئاستی رۆشنبیریی ماڵێك کتێبخانەی تێدا نەبێت.

دەبێت ئەوەشمان لەیادبێت کە:

رۆشنبیریی منداڵ دوو تەوەری سەرەکیی هەیە وەك: ئەدەبی منداڵ دەکرێت بەچەند بەشەوە لەوانە:

١ - شیعر بۆ منداڵ.

٢ - چیرۆك بۆ منداڵ.

٣ - کتێب بۆ منداڵ.

٤ - رۆژنامەگەریی منداڵ.

تەوەری دووەمیش: شانۆی منداڵ و گۆرانی منداڵ و سینەمای منداڵ و وێنەی منداڵ و تەلەفزیۆنی منداڵ دەگرێتەوە.

لەپانتایی ئەو خاڵانەشەوە کە خستمانەروو بۆمان دەردەکەوێت نووسین بۆ منداڵ سەختترین هونەرەو نووسەری گەورەی میسری تۆفیق ئەلحەکیم کە لەساڵی ١٩٧٧دا هەندێك چیرۆکی بۆ منداڵ نووسی وتی: روون و رەوان نووسینی زۆر لەقووڵ نووسین دژوارترە، زۆر ئاسانە بەقووڵی بنووسم، بەڵام زۆر زەحمەتە بتوانم شێوەیەکی روون و رەوانی وا بدۆزمەوە بۆ نووسین بەدڵی منداڵ بێت و سەرنجی رابکێشێت.

هەروەها دکتۆر عەبدولرەحمان مونیف کە بەنووسینی رۆمانەکانی هەموو خوێنەرانی گەورەی سەرسامکردووە، لەوتەیەکیدا بەنووسەرێکی منداڵی وتووە، ئیرەییت پێدەبەم کە دەتوانی بۆ منداڵ بنووسی و سەرنجی رابکێشیت.

دەبێت هەمیشەش ئەوە بێنینەوە یادی خۆمان کە لەگۆرانی منداڵدا شیعرو مۆسیقاو دەنگ و جووڵەو دیکۆر دەور دەبینن بۆ راکێشانی سەرنجی منداڵ و لەبارەی کاریگەریی مۆسیقاوە لەسەر منداڵ، ئەفلاتوون سووربووە لەسەر ئەوەی کە منداڵ هەر لەمنداڵییەوە فێری مۆسیقا بکرێت و لەسەر ئەوە گۆشبکرێت و رابهێنرێت تاموچێژی بەرز لەهونەری مۆسیقا وەربگرێت و مۆسیقا لەژیانیدا بەشتێکی پێویست بزانێت، بێگومان مۆسیقا بەرەها لەسروشتدا هەیەو هەموومان چەژی لێ وەردەگرین، لەوانە مۆسیقای خورەی ئاو و گڤەی بای ناو دارستان و قامیشەلان و دەنگی باڵندە هەمەجۆرەکان و ...هتدو شایانی لەبیرنەچوونە کە لایەلایە یەکەمی گۆرانییە کە منداڵ گوێی لێ دەبێت..



هەموو جۆرەکانی ئۆپەرێت و گۆرانی منداڵ لەسەرانسەری کوردستاندا بایەخی کەمی پێوە دیارەو هیچ گۆرانیبێژێکی گەورەمان نییە چ ژن و ژ پیاو بڵێین ئەمە گۆرانبێژی منداڵەو تەنهاو تەنها گۆرانی بۆ منداڵ دەڵێت و لەبواری شانۆو مۆسیقاو شێوەکاریی و سیناریۆو کاریکاتێرو سینەماشدا هەر بەو جۆرەیەو شتێك نییە شایستەی باسکردن بێت...

گۆرانی منداڵ دەبێت لەبابەتی خودی و تاکەکەسییەوە دوورکەوێتەوە باسی شتە گشتییەکانی ژیان و مرۆڤ و سروشت بکات...

هەروەها هیوای ئومێدی تیابێت نەك رەشبینی و نائومێدیی..

زیاتر ریتم و رەزمی خێرا لەگۆرانی منداڵدا سەرکەوتووە نەك ریتمی خاو و خلیسك...، چونکە منداڵ خۆی بەخۆرسك بێوەو حەزی لەچوستی و چالاکییەو دەتوانی بەکارامەیی و بزۆزی هەڵسوکەوت لەگەڵ ریتم و مۆسیقاو رەزمی خێرای گۆرانیدا بکات و بزێویی و چوست و چالاکی زیاتر- لەرێگەی گۆرانی خێرا-وە بەژیانی رۆژانەی خۆی و هاوکوفەکانی ببەخشێت..

ئەگەر لەمێژووی ئەدەبی منداڵ لەعیراقدا بەوردی لێکۆڵینەوە بکەین لەسەرەنجامدا ئەوەمان بۆ روون و ئاشکرا دەبێت کە گەلێ شاعیری عەرەبی و عیراقی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا شیعریان بۆ منداڵ نووسیوە، لەوانە:

١ - ئەحمەد شەوقی/ بەرەگەز کوردە

٢ - مارف رەسافی/ بەرەگەز کوردە

٢ - محمد عثمان جلال

٤ - جبران النحاس

٥ - ئەلساوی محمد شعلان

٦ - برکة محمد

٧ - باقر سماکە

٨ - کامل گەیلانی

٩ - سلیمان العیسی

ئێستاش دەیان نووسەری ناوداری عیراقی هەن بۆ منداڵ دەنووسن لەوانە: خالد یوسف.. ترکی کازم جودە، جعفر علی جاسم، جلیل خزعل.. جواد خەتاب حاتم سوگەر، حسن دکن، حسن عبدالحمید، فاروق یوسف، فاروق سلوم..... هتد، شانبەشانی ئەم شاعیرانەی کە شیعر بۆ منداڵ دەنووسن دەیان چیرۆکنووسی ناوداری دی لەعیراقدا هەن چیرۆك و شانۆنامەو سیناریۆی منداڵ دەنووسن..

چیرۆکی منداڵیش وەکو هەندێك کەسی لای خۆمان وای تێگەیشتوون ئامۆژگاری زەق و سادەو ساکار نییەو کارێکی وائاسان نییە هەموو کەسێك خۆی لەقەرەی بدات و ئەگەر بمانەوێت پۆلبەندێکی ئاسایی جۆرەکانی چیرۆکی منداڵ بکەین، دەڵێین چیرۆکی منداڵ بریتییە لەم بەشانە:

١- چیرۆکی میللی
٢- چیرۆکی گیانداران
٣- چیرۆکی گاڵتەوگەپ
٤- چیرۆکی جادوویی و ئەفسانە
٥- چیرۆکی خەیاڵی زانستی
٦- چیرۆکی زانستی
٧- چیرۆکی پاڵەوانێتی و سەرکێشی
٨- چیرۆکی مێژوویی

لەعیراقدا لەبواری چیرۆکی منداڵدا زۆر نووسەری ناودار هەن، لەوانە:
١-عەبدولڕەزاق ئەلوتەلیبی..
پێش ئەمیش، دکتۆر مستەفا جەوادو مشتاق تالیب و مەحمود ئەحمەدو گەلێکی دی لەم بوارەدا کۆششیان هەبووە.

یەکەم گۆڤاری منداڵ لەعێراقدا (التلميذ العراقي) بووە کە ژمارەی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ دەرچووە، دوای ئەویش (الكشاف العراقى) دەرچووە.

لەکوردستانی خوارووشدا کە بەریتانیا هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەزۆری زۆردارەکی کردی بەپاشکۆی دەوڵەتی عێراق ئێستا گەلێك شاعیرو چیرۆکنووس هەن بۆ منداڵان دەنووسن و گەلێك گۆڤاری منداڵانیش بەکوردی دەردەچێت، بەڵام بەڕای من بەدەگمەن لێرەو لەوێ بابەتێك یا کۆمەڵە شیعرێك یا کۆمەڵە چیرۆکێك هەن هەلومەرجی تەواوی دەقی بۆ منداڵ نووسراویان تێدابێت و زۆربەی بابەتەکان بابەتگەلێکی سوواو و پوواو و پووکاو و سەدبارە وتراون و ڕەنگ و رووی هاوچەرخێتیان تێدا نییەو دەقگەلێکی بەپەلەنووسراون و نووسەرەکانیان ئاگاداری ئەدەبی منداڵی جیهانی نین و لەبانێژەی بیرو بیرۆکەی بەسەرچووەوە لەفۆرم و بەرگێکی کۆندا کە هەرگیز بۆ سەدەی بیستویەك ناشێت و هاوتای پێشکەوتنەکانی دی ئەم سەدەیە نییە، شیعرو چیرۆك و کاکڵەو ناوەرۆك و شێوازی نووسین و بابەتەکان بەگوێرەی خواستی خۆیان دەنووسن و پەیوەندی و پەیوەستییان بەدەروونی منداڵەوە نییە، سەیر ئەوەیە هەندێك لەو بابەتانە لەپرۆگرامی قوتابخانەکانی هەرێمدان، هەروەها ئەو منداڵانەش کە بابەتی منداڵ



دەنووسن زۆربەیان شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەبوارەکەدا نییە یارمەتیدەریان بێت بۆ سەرکەوتنی دەقەکانیان، چونکە دایکان و باوکانی کورد ئەوەیان نەکردووە بەپرۆگرامێك بۆ خۆیان بەردەوام کتێب و گۆڤاری منداڵان بۆ منداڵەکانیان بکڕن و منداڵی کوردی وا هەیە دووسێ پاسکیل و دەیان بووکە والاو تۆپی پێ و دەیان جۆر شمشێرو تفەنگ و دەمانچەی پلاسکۆو زرێپۆشی و فیشەکەشێتەو تەرەقەو ئامێری ترسناك و چەقۆو سیکاردو خەنجەری گەمەو یاریی و چی و چی دی هەیە، بەڵام گۆڤارێکی منداڵانی بۆ نەکڕدراوەو هاننەدراوە کتێبێکی منداڵان بخوێنێتەوە، لەهەموو تەمەنیشیدا دایکی یا باوکی یا داپیرەی چیرۆکێکی منداڵانەی بۆ نەگێڕاوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زۆربەی ئەو منداڵە کوردانەی دەنووسن کلتوورێکی ڕۆشنبیریی مۆڵدارو لەمێشکیاندا نییە لەکاری نووسیندا پشتی پێ ببەستن..

ئیتر لەم وتارەدا ئەوە ماوەتەوە بڵێم لەگەشتێکی مەیدانیدا بۆ کەناڵی کوردسات (بەشی منداڵان)، دوای چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هونەرمەند فوئاد مەولانابیدا گەلێك زانیاریم لەبارەی جیهانی ئەدەب و هونەری منداڵانەوە دەستکەوت و گوێم لەگەلێك گۆرانی منداڵان گرت کە بەڕاستی داهێنانیان تێدابوو، لەوانە: گۆرانی شەپۆل و ئاسمان و پۆستەچی و گۆرەوی و باران و چۆلەکەی ژیرو خۆزگەو گوڵ و.. هەر بۆ نموونە گۆرانی چۆلەکەی ژیر کۆرس دەیلێت و هەلومەرجی فیلمێکی دووسێ دەقەیی تێدایە، بەڕاستی ئەم بەرهەمانە لەبواری گۆرانی منداڵاندا بە کوردی شاکارن و دیاردەیەکی هونەری پڕ لەنوێگەریی و نوێخوازین و دەتوانین بەبێ دوودڵی بڵێین دەکرێت ببن بەنوێنەری گۆرانی و مۆسیقای منداڵان لەو فێستیڤاڵە جیهانییانەدا کە بۆ منداڵان سازدەکرێن و شایانی باسە وەکو کاك فوئاد مەولانایی لەدیدارەکەدا روونیکردەوە، هەزارو سەدو بیست و یەك منداڵی گۆرانبێژ لەکەناڵی کوردسات لە(بەشی منداڵان)ن و حەوتسەد منداڵیان تەمەنیان لەسەرووی چواردە ساڵەوەیەو یاسناو ئەرێستا کە دوو ژەنیاری مۆزیکی بەشەکەبوون ئێستاکە لەکۆراڵی پاشای دانیمارکدا کاردەکەن..

هەروەکو هونەرمەند کاك فوئاد روونیکردەوە: یەکەم بووکەڵە لەبواری منداڵدا بەکوردی (کورج و گۆڵ)ەو دووەمیش ژیکەڵەیەو سێیەم قەشقەڵەیە..

بەڕاستی لەدوای ئەو سەردانەم بۆ بەشی منداڵانی کەناڵی کوردسات دەتوانم بەبێ دوودڵی بڵێم کە فوئاد تەنیا هونەرمەندێکە کە هەموو کاتێکی خۆی بۆ پێشکەوتنی گۆرانی و مۆسیقای منداڵان تەرخانکردووەو وەرچەرخانێکی پەسەندو داهێنەرانەی لەبواری گۆرانی و مۆسیقای منداڵاندا بەکوردی ئەنجامداوە، ئەو گۆرانی و بەرهەمە هونەرییانەی کە کاك فوئاد ئەنجامیداون لەشێوەو ناوەرۆکدا بابەتگەلێکی رچەشکێنن و

شایستەی پیرۆزبایی و دەستخۆشی لێکردنن و هیوادارم هەلی دیداری بەشی منداڵانی کەناڵەکانی دیشم بۆ بڕەخسێت و بتوانم لەبارەیانەوە شتێك بخەمەڕوو، باشتێك بنووسم خزمەتی بواری شیعرو گۆرانی منداڵانی کورد بکات..

**بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەگیراوە:**


١-المدخل التربوية/ فاضل عباس الكعبي.

٢-كيف تكتب للاطفال/ جون إيكن.

٣-افلام الرسوم المتحركة والدمى/ رضا الطيار.

٤-ثقافة الاطفال/ كتاب (١)/ ١٩٨٩.

٥-ثقافة الاطفال/ كتاب (٢)/ ١٩٩٠.

٦-گەشتێکی مەیدانی بۆ بەشی منداڵان، کەناڵی کوردسات.






**خوێندنەوەیەکی ( پەڕەسێلکەکانی کۆچ )***

# تامی شکۆفەو کۆچ و مەرگ، ئەو ساتانەی شیعرو ڕۆمان و فەلسەفە لێکدەئاڵێن



ساڵح سوزەنی

**خوێندنەوەی (١)**

بەشیعرەوە دەستپێدەکات؛ بەخواردنی زەوی و ڕۆیشتنەوە سەرهەڵدەدات.. بەزستانی داگیرکەرەوەو مرۆڤ وەك تەنیاترین ڕێبوارو تەنیاترین سەرکەش.. دەسپێك و کۆتایی تەنیا بوونەوەرێك کە لەسەفەرە ترسناکەکانی قووڵایی مێژووەوە گەیشتووەتە (ئێستاو دەگاتە سبەیش، سبەی سبەییەکان).. وەرزی کۆتاییهاتنی خەونەکان و شەڕی دوو خەون (کە خەونەکانی دیکە دەمرێنن)...

هەر لەم دەسپێکە نەگبەتەدا خوێنەر تێدەگات کە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بێت لەتەنیاییئەزەلی و ئەبەدییەزگاری بێت و پا بنێتە ئەو دیو سنوورەکانی بەفرەوە..
(لێرە هەموو شتێك حەقیقەتێکی لەبەفر تێدایە.. ڕچە نەشکاوە) (ئەوانەی پێشترو ئەوانەی دواتریش هەر ڕچەی کۆچی خۆیان شکاند.. کەس جێگەی کەس ناگرێتەوە.. هەرکەس و ڕێگای خۆی و هەناسەو خەونی خۆی و خاك و بەفری شێلراوی ژێر هەنگاوی

خۆی... کۆچ چەشنێکە لەتێکشکان.. کۆچ ئەو رابردووەیە کە لەئێستادا جێگای نابێتەوە...).

دەستپێك و کۆتایی روایەت بەشێکی هەرەزۆری جوانناسیی دەقی ئەدەبی بەخۆوە دەگرێت.. دەستپێکێکی دەوڵەمەند لەڕاستیدا خوێنەر ئامادەدەکات بۆ ئەوەی بزانێت لەگەڵ چیدا رووبەڕووبۆتەوەو دەیەوێت چی بخوێنێتەوە. خوێنەری چالاك هەر لەدەسپێکی روایەتدا پەی بەئەزموونی جوانناسی و بابەتی دەق و نووسەر دەبات و چەشنی خوێندنەوەکانی خۆی بۆ ئامادەدەکات.
بۆ وێنە لەم دەستپێکەدا خوێنەر دەزانێت باسی سەرەکی روایەت ترس و دڵەڕاوکەو ئازاری مرۆڤی تاکە لەسەفەرەکانیدا بەرەو نادیار.. پاتبوونەوەی وشەگەلی تەنیا و تەنیاترین . شەر، ترسناك، تێکشکان، مەرگ، سەفەرو کۆچ و.. لەم دەسپێکەدا .. ئەوەند بەرچاوە کە رەنگە خوێنەری ئاسایی پەشیمانبکاتەوە لەخوێندنەوەی باقی روایەت.. تکایە ئەوەتان لەبەرچاوبێت کە من هێشتا لەدەسپێك زێدەترم نەخوێندۆتەوەو دەمەوێت یاداشتەکانم پێبەپێی دەق بچێتە پێشێ.. واتە دەمەوێت بزانم ئەو شاعیرو فەیلەسوفە کێیە کە لەناو جیهانێکی بەفراوی و سپیدا (وەك رەنگ) ئەوەند رەش لەدیاردەکان دەڕوانێت و ئەو سەفەرەی چەند نزیکە لەپێشبینی یان پاشبینییەکانی خۆی و دەق؟
(لە شیعرو مۆسیقا ناگەی، ئەگەر بیرو هەستت لەڕزگاربوونێکی ئەبەدیدا فڕێ نەدەیتە نێو کایەی مەرگ و ژیانەوە) ل١١- پ- ك
(کە مەرگ دەبینی زیاتر هەست بەتەنیایی دەکەیت. بڵێی مەرگی بەکۆمەڵ و خوازراو هەستی تەنیایی بڕوێنێتەوە؟) ل١٣
(مرۆڤ بۆیە لەسەرەتاوە لەمەرگ دەترسێت، چونکە پێی رانەهاتووە.. دواتر رادێت..) ل١٣
(کە رۆح گرێی تێکەوت ئیدراکیش گرێی تیدەکەوێت...) ل١٣
(مردن، سەرەتاتکێی نێو خەندەقەکە دەکات.. کێی بینیوە؟)ل١٧
(مردن، پانتاییەکە فراوانترو بەربڵاوتر لەشەڕ. مردن لەهەموو شوێنەکانی دیکەی ژیاندا جەستەی تینوو چاوی تیشك ساردی لەجووڵەدایە..) ل١٩
(مەرگ جوانیی ئارەزووەکان دەڕووشێنێت..) ل٢١

## خوێندنەوەی ٢

بەرلەوەی بکەوینە داوی تەونی نووسەر بۆ سەرنجدان بەکێشە فەلسەفییەکانی ژیانی مرۆڤ،



لاموایە دەبێت سەرنجێکی کورت بدەینە شێوەی نووسین (چۆن نووسینی هونەرییانە)ی رۆمانەکە لەبارەی زمان و کات و شوێن و کەس و رووداو و پێوەندییەکانیان وەك هۆکارێکی سەرەکی و ناسەرەکی رۆمانەکە.
گەڵاڵەی رۆمانەکە بەسەر فلاشباك و بیرەوەرییەکانی(من)ی کەمال (وەك یەکەم کەسی بگێڕەوە)و نیگای حەکیمانەی سێیەم کەسی هەمووشت زانەوە داڕێژراوە. کەمال گەنجی خوێندکار کە بەهیوای لابردنی زستان و گۆڕاندنی(!!) جیهانی سەهۆڵاوی چۆتە بەرەی شۆڕشەوە.. رەفیقەکانی دەکوژرێن و خۆی دوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر(جەستەیی و رۆحی رێگەی کۆچ(بەناو بەفردا) دەگرێتەبەر.. بەم گەڵاڵەیەدا تێدەگەین کە دەقی (پەڕەسێلکەکانی کۆچ) دەقێکی پێکهاتەمەندەو بەوردی (هەرچەند بەڕواڵەت ئاڵۆز) پرژاوەتە سەر کەس و شوێن و کات و رووداوەکان.
کات-
(بیرەوەری تەنیا بوونێکە کە ماندوو نابێت.. بوونێکی بێ لەش کە رۆح ئاسا دێت و دەچێت و وەك سێبەرێکی ون لەگەڵت رێدەکات.. قسەناکات، بەڵام هەمیشە دەدوێت) ل٣٩

کاتی زانستی رۆمانەکە ئەوەندە ناخایەنێت و ناگاتە رۆژێك.. ئەو رۆژەی کە کەمال بەدزییەوە لەشار دێتەدەرێ و رێگەی بەفرین دەدڕێت و سەر بەکۆچەوە دەنێت.. بەڵام ئەوە کاتێکی رواڵەتییە.
کاتی سەرەکی لە(پەڕەسێلکەکانی کۆچ)دا کاتی گێڕانەوەیە[١]. کاتێکی گووشراو و دەروونی کە رۆژ و مانگ و ساڵەکان لەسەر دەیان هێڵ و ناهێڵیت رەوایی، ئاوێتەی بیرەوەری و قاشە زێهنییەکان دەبن و مەودا دەدەنە سیستمی گێڕانەوە بەناو زەمەندا (هەبوون و بوون) بپێون و لێی دەرباز بن... لەمکاتە ناپەیوەستەدایە کە کەسایەتییەکان یەکە یەکە بەپێی دەنگدانەوەی شەرتیی(انعكاس شرطي)(پاولۆڤ)و مەیل (غەریزە)ی فرۆید دێنەوە ناو بیرەوەری و دەور دەگێڕن.
(ئیتر ئەم رستەیە زیاتر لەقسەکانی (باوکم)دا دووپاتدەبووەوە) ئاگات لەماڵەوە بێت!
(ئاگات لەتەرمەکە بێت) سماییل بوو. دوورکەوتەوە... بۆ کوێ چوو).
(شەوگاری زستان ساردتر دەکات.. تەرمەکە تاقە پێڵاوێکی لەپێدایە.. خوشکەکانم تەنیا جووتێ پێڵاوی جوانیان هەبوو.. ) ل٢٨
دەبینین کە زستان پێڵاو وەبیر دێنێتەوەو پێڵاو، خوشکەکانی و خوشکەکانی، زەماوەندو... بەم شێوەیە کاتی ریوایەتەکەش پەیتا پەیتا دەگۆڕیت و گەمەیەکی شیرینی پێدەکرێت.

(شەش ساڵ دواتر.. ئێوارەیەکی رۆژی هەینییە. پاییزە. خانوویەك سووتاوە..) ل٣٦
کەسایەتی- کەسایەتییەکانی (پەڕەسێلکەکانی کۆچ) قارەمان و شتی وانین.. زۆربەیان خەڵکی ئاسیین و رێگەی دەربازبوون لەودۆخە نەگبەتە نازانن و ئەوانەش کە لایان وایە دەزانن و کەوتوونەتە هەوڵی گۆڕان.. لەوان بەستەزمانترن و دوای ماوەیەك کەوتوونەتە پاساودانەوەی شکستەکانیان.
کەمال کەسایەتی سەرەکی رۆمانەکە (زۆربەی کەسەکانی دیکە لەکەناڵی زیهنی ئەوەوە دینە ناو دەق) بەناو رۆشنبیرەو بەپێی ئازادیی و خوێندەوارییەوە رێگای هەڵبژاردووە. لەو رۆژەدا بوو کە (فادایەف)و (ئالێکسی تۆلستۆی) وتیان بەپێکەنینەوە تێبکۆشە. مەکسیم گۆرکی هیوای تێکەڵ بەخۆشەویستی مرۆڤی چاندو نووسەری (مرۆڤ دۆستە جل شڕەکانیش) نەفرەتی پەروەردەکرد.. ڤیکتۆر هۆگۆ پەیکەری خۆشەویستی ئافرەتی بەوردکارییەکی سەیرەوە لەم ژوورەدا تاشی، (جەك لەندەنیش وتی بۆ ناسینی مرۆڤ دڵ سەخاوەت بە! دان چەرموو وتی هەنگاونانی ناو ئاو و بەفرت خۆشبوێت، مارتین ئیدین یش وتی رێز لەکورسی بگرە!) پ- ك١٢٨
سمایل (ئەو کەسەی کە کارەسات بۆ ئەو ژیانی ئاسایی بوو) پێشتر گارییەی هەبووەوەو دەستفرۆشی و.. لەبەرەی شۆڕشدایە (هەڵبەت شۆڕش لەم رۆمانەدا واتا ئەوەی کە جاربەجار وەرەقەیەك بڵاودەکەنەوەو کەسیش نازانێت ناوەرۆکی وەرەقەکان چییە) .. ئەنجام بەرگوللەی نەحلەت دەکەوێت و دەکوژرێت..
(سیا) کوڕە دەوڵەمەندێك کە هیچ نیشانەیەك لەدەوڵەمەندییەکەیان لەرۆمانەکەدا نییە، دۆستی کەمال و سماییلەو ئەویش تووشی هەمان چارەنووسی سماییل دەبێت و.. باوەگەورەی کەمال کە بەر نەحلەتی سەرەتان (شێرپەنجە) دەکەوێت و دەمرێت.
خاڵۆی کەمال کە لەسێدارەدەدرێت و..
خوشکەکانی کەمال، فاتێ کە شوودەکات بەتەهای(خۆفرۆش)و لەدووکانەکەی ئەودا لەگەڵ حەمید دەعەشقن و دواجار بەر گوللەی نەحلەتی تەها دەکەون و دەکوژرێن.. (تەهاش بەر نەحلەتی بومبارانەکان دەکەوێت و ئەویش فت). دوو خوشکی دیکەش لەترسی تووشنەبوون بەچارەنووسی فاتێ.. بەردەوام نوێژدەخوێنن... و لەترس و دڵەراوکێی ئەبەدیدان...
سەیران، ئەو کچەی کە کەمال حەزی لێدەکات و دەرفەتی ئەوەیان نەبووە ئەو ئەشقە لانیکەم لای یەك دەربڕن. بەر نەحلەتی چاوەڕوانی دەکەوێت و کوێر دەبێت .. (مێشکی دایکیشی پێشتر بەرنەحلەتی گوللەی هلێکۆپتەرکەوتووەو..).
خولەی باجی عاسیە کابرایەکی دەوڵەمەندی پیشینە حیز کە داوای سەیران دەکات و...



کابرایەکی ریش سۆفیی تەسبیح بەدەست (وەك نوێنەری دەسەڵات) کە چەندجار لەگەڵ تەها دەبینرێت...
رووداوی سەرەکی رۆمانەکەش، وەك لەسەرەوە ئاماژەکرا ترس و دڵەراوکێ و ئازارو ئەشکەنجەی رۆحی و فیزیکی و ئەنجام شەرو مەرگە لەدۆخی قیزەوندا.. کە لەزهنی کەمال دا دەروونی بوونەتەوەو ناو بەناو لەرێگەی سێلاوی هۆش و قاشە زێهنییەکانەوە دەنوێنرێن.. و دەگەنە کۆچ.
(لەجۆرە ترس و و تەنیایی و بەزەییەك لێواو لێوم. سڕم. دەنگی ژاکانی خونچەیەك شێتم دەکات) ل١٨
(دایکم بەگریان دەیەوێت ژیان دەستەمۆبکات و باوکم بەڕق و تووڕەیی)
(مردن، پانتاییەکە فراوانترو بەربڵاوتر لەشەڕ. مردن لەهەموو شوێنەکانی دیکەی ژیاندا جەستەی تینو و چاوی تیشك ساردی لەجووڵەدایە..) ل١٩
(کە مەرگ دەبینیت زیاتر هەست بەتەنیایی دەکەیت. بڵێی مەرگی بەکۆمەڵ و خوازراو هەستی تەنیایی بڕوێنێتەوە؟) ل١٣
شوێن- شوێنی رواڵەتی شارو دەوروبەرە لەکوردستان کە بەشێوەی ناراستەوخۆ دۆخ و کەش و هەوای رۆمانەکە دەکیشنە ناو خانوو و زیندان و بەفری بەسامی سەمبولێکەوەو تیکەڵ بەکات دەبن.. بەرەو بەرزایی شاخەکان دەڕۆن و کۆچ دەیکات بەشوێنگەلی نادیار..
(شار دەیناڵاند، شار دەیقیژاند. شار هەرجارەی لەشوێنێکەوە برووسکەی دەداو دەچوو بەئاسماندا. ١٦
(رێگای شار بەرەو گوندەکانی ئەو ناوچەیە دیاربوون.. بەفر سپی نەکردبوون. وەك مارێکی رەش بەپێچ و لۆچ لەنێو تەم و بەفر و بەرز و نزمی دا ون دەبوو)ل٨
وەك دەبینین کات و شوێن و کەس و رووداو لەم رۆمانەدا لەرێگەی هۆکارێتی(کۆچ و بیرەوەرییەوە) باش متوربە بوونە، تا کۆتایی رۆمانەکە گرێکان ناکرێنەوە.. و ئەوەش جۆرە راهێڵان(تعلیق)ێکی سازکردوە کە هانی خوێنەر دەدات بۆ خوێندنەوە...

## خوێندنەوەی ٣

لە خوێندنەوەی سێهەمدا دەمەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە؛ ئاخۆ زمان چەند لەهەڵسوکەوتی بەدەقبوونی ئەو هەموو ئازارو دڵەراوکێ و ترس و مەرگەدا دەور دەبینێت؟ ئەو زمانە چەند توانیویەتی رۆمانێکی یەکدەنگ یان چەند دەنگ بخولقێنێت و بەگشتی لەخزمەت چ پێکهاتەیەکدایە؟

ئەلف- زمانی شیعریی؛ کە جار بەجار دەبنە ناوەخنی بیرەوەرییەکان و بەشێکی زۆری دەق بەم زمانە نووسراوە

(سەمای کلوە بەفرەکان، مۆسیقایەکی دەروونییە. خۆیان خۆیان دەنێژن...)ل٣

(بەفر حەزی لەحەقیقەتی خۆیەتی..)

(زبڵدانەکان.. چەندین رۆژە لێواولێوی پاشماوەی مرۆڤ نابن. پشیلەکان نیگەرانن. بەسەرسوورمانەوە سەر لەزبڵدانەکان دەردێنن، سەیری پەنجەرە تەنیاکان و دەرگا داخراوەکان دەکەن..) ل٢١

(هلیکۆپتێرەکان هەوایان بەر شەپازللە دەدا..) ل٢٦

لەمسەر تا ئەو سەری کۆڵان داری بزە رووا.. ٢٦

(دەڵێی دەیەوێت بەر بەهەڵاتنی بێدەنگی چاوانی بگرێت..) ٢٦

(من ژیان بەخۆڵەمیشی و قاوەیی و شینێکی تۆخی تۆخ دەبینم) ٢٧

(منداڵی تامی چواڵە دەدا..)

(چواڵە تامی شکۆفە نەدا هیچ شتێك تامی شکۆفە نادا؟.. هاتەوە بیرم، نیگای پشت پەنجەرەکە تامی شکۆفەی دەدا.. ل٦٢

ئەم زمانە شیعرییە کاتێك تێکەڵ بەرەمز(سومبول) دەبێت و چەند شەقە بوونی مرۆ دەنوێنێت بەڕاستی جوانەو دیتە خزمەت پێکهاتەی بابەتیانەی دەقیش؛

(ئاوینە درزاوییەکە،

کاتێك لێت دەڕوانی سیمای دوو شەق دەکرد

سیمای دوو شەق مرۆ بێزار دەکات..)

هەروەها، نووسەر هەوڵی داوە لەڕێگای گەمەکردن بەزمانی گۆشەنیگا باری جوانیناسی و بابەتیی- فەلسەفی (بوونخوازانە) پێکەوە بەرجەستە بکاتەوە؛

ب- زمانی منۆلۆگ؛ گۆشەنیگای یەکەم کەسی تاك (منۆلۆگەکانی کەماڵ)

(ئاوڕ دەدەمەوە. نیگام لەسەر سیمای بێهۆشی دایکم دەچەقێ..) ل٥

(ئاوارەبووین. لەسەر جادەوە رێگای سەرەوژووری گوندێکمان دەبڕی.)

(لەناو خەندەقەکە راکشاوم، دەمانچەیەکم پێیەو خورجینێك نان و پێخۆر..)ل١٦

ج- زمانی دیالۆگ؛

(- ئەوا پێت دەڵێم.. بیکەیتە هەراو بەزم ناتبەخشم! ئەمە رێگای هەموومانە (مەبەست مەرگە)

- نا بابە گیان بەسەر چاو! ئاااا بابەگیان .. بەسەرچاو) ل٦

- دەبێ بیگرین. تەنانەت نابێ بێڵین رەق بێتەوە

- .. بەڵام پایگاکەی سەرەوە ناتوانێت یارمەتیمان بدات! ل٩



- لانی کەم چەند تەقەیەکی لێبکەن.. ل١٠

دیالۆگ لە(پەرەسێلکەکانی کۆچ)دا، لەکەناڵی زێهنی من و تۆی کەسایەتییەوە دێتە گۆڕێ و بەس حاڵەتی فۆرمیکی هەیەو لەپێناوی ئاڵوگۆڕکردنی سیستمی گۆشەنیگاو جیاوازی دەنگەکان هاتۆتەئارا، نەك وەك باختین دەڵێت بۆ چەند دەنگیی و مەنتەقی دیالۆگ لەرۆماندا ؛ (مادەر سەگ! خوو ئیسماعیل کوشتی شۆدی. هی تر دەوێت.. نامی تر! ل٦٢

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ مەنتیقی جیاوازی رۆمانەکە کە بەڕای من نەك بەسەر دیالۆگ بەڵکو بەسەر مەنتیقی بوونگەرایی (کیەرکێگۆر)و هەستی ناسیی دواییەوە دامەزراوەو من دواتر لەخوێندنەوەیەکی تردا دێمەوە سەری.

د- گۆشەنیگای دووهەم کەس(زمانی منی دەروون خیتاب بەخۆ؛

(دەکەویتە ناو جیهانی راستییەکانەوە. جیهانی راستییەکان بەڕووتی تۆ پێدەکەنێ و تۆش شەرم لەخۆت دەکەی. ئەمە مەرگە!) ل١١

یان خیتابی من بەتۆ (وەك هاوزات)

(بڕواننە بەشی ناساندنی کەسایەتی حەمید دەزگیرانی فاتێ)؛

(تۆ لەهەموو ئەمانە وەڕەس بووی)

(تا ئاشقتر بیت دڵەکوتەش زیاترە، دڵەکوتێیەك لێواولێوی نیگەرانی.. نیگەرانییەك لێواو لێوی تامەزرۆیی..) ل٨

ه- گۆشەنیگای سێهەم کەس( هەمووشتزان)؛

(تەکانێکی لەخۆیدا، ویستی هەستێتەوە، بەڵام زیاتر رۆچوو.. بەدەست بەفرەکەی لادا..) ل٦

(تەها دەمشڕ بوو. هەمیشە بۆنی قسڵ و بەردو ئارەقەی دەدا..) ل٣٣

زمانی هەمووشتزان لەم دەقەدا بەئەنقەست بۆ تەباکردنی زمانی رەوایەت و زمانی شیعری و فەلسەفی دیتەگۆڕێ و دەیەوێت بەزۆریش بووە سیستمەکانی گێڕانەوەو شیعرو فەلسەفە لێك متوربە بکات؛ ئەم چەشنە دەربڕینە بەدوای گۆشە نیگای یەکەم و دووهەمیشدا دێت و لەڕاستیدا هەمان زمانی پێشداوەریی (من)ەو دەکرێت بەشێوەیەك ئەم سێ زمانە بێنینەوە سەر خۆدو من و بەرزەمن (لیدو ئێگۆ و سووپێرئێگۆ)ی فرۆید.

(هەموو جەستەکان مەودایەکن بەقەد ئەو ساڵانەی کە مۆمیان تیا دادەگرسێت و پاشان یەك بەیەك خامۆش دەبن) ل١٣

(خۆشەویستی لەدوای بینینی مەرگ یان کارەساتێکی گەورەوە دەستپێدەکات. بۆ

هەمیشە بەهرەیەکی لەو دووانە تێدا دەبێت) ل٣٢
واتە دیالۆگی سەرەکی لەپەرەسیلکەکانی کۆچدا دیالۆگێکی دەروونییەو ئەوی دی بەس لەنیگای ئەمەوە دەبینرێت و دیتە دەربرین؛
(ژنان لەشەرماندا لێویان دەگەست و کوڵی خۆیان بەسەر پەنجە دەگرت. پیاوە پیرەکانیش وە(استغفرالله) دەکەوتن و گەنجەکانیش شیر و تیریان لێدەکێشا..) ل٣٤
رەنگە ئەم یەکدەنگی بوونە کە بۆ تەبایی پێکهاتەی جوانیی و بابەتیی(فۆرم و ناوەرۆك) جەختی لەسەرکراوە، بەشی هەرە لاوازی دەقەکەش بێت، لەخوێندنەوەی (باختین)یانەی رۆماندا. چەند دەنگی بوونی رۆمانەکەی خستبێتە ژێر گوشار(؟؟)(!!)

## خوێندنەوەی ٤

## هەبوون یان بوون؟ گرێنگ ئەوەیە!

(تحمیل خصلت وجود(بودن) بر صیرورت(شدن). این شکل اعلای خواست قدرت است... اینکه همه چیز تکرار می شود نزدیکترین تقریب جهان شدن، بەجهان بودن است. این اوج تعمق است)[2]
نیچە- خواست قدرت- قطعة ٦١٧
(چەند رۆژ دواتریش هەر وەك ئەمرۆ وابوو، ئەو رۆژەش گوتم) تۆ بڵێی ئەمرۆش نەبێتە دووپات بوونەوەی رووداوەکەی جەند رۆژ لەمەوبەر؟ پەرەسیلکەکانی کۆچ - ل٢٣
.. نابێ حیسابی ژیانی خۆمان بدەینە دەست کەس.. کیەر کێگارد
خاوەن کردەوەی خۆت بەنەك من! (حەقیقەت) پەرەسێلکەکانی کۆچ – ل٦٣
وەك ئاماژەکرا؛ ترس و دڵەراوکێ و دۆخی قیزەون و مەرگ وەك ناوەرۆك باتگەلی سەرەکین لە(پەرەسێلکەکانی کۆچ)دا؛
(سنووری بێدەنگی و ترس زۆر لەیەك نزیکن.. داخۆ بیرکردنەوە لەترسا نییە؟ بیرکردنەوە ترس نییە؟) ل٢٤
(ئێستا دەبێت بچەقێت بۆ ئەوەی مەرگ ببەزێنێت) ل٢٥
(چاوەڕوانی، هەمیشە کاتە ماندوو و بێگرێکانی خۆیان بەچاوەڕوانی پڕدەکردەوە.. ل٢٩
ژان و ئازار خاکیش ورد و خاش دەکات.. ل٣٠
(ئەی جار چییە؟ کینگڵ دان. هەرجارەو کینگڵ دانێکی نوێ)
(خاوەن کردەوەی خۆت بەنەك من!) (حەقیقەت)
(بەرەو کوێ بچم؟ نازانم. کۆڵانەکان هەڵم دەلووشن.. رۆیشتنێکی بێهوودە! چراکان، ئاسوودەیی و نیگەرانی دەبەخشن. تاریکی موتڵەقە، موتڵەق سوکنایی و دڵەراوکێ



دەبەخشێ . هەڵبژێرە؛ سوکنایی و دڵەراوکێی تاریکی، یان سوکنایی و دڵەراوکێی رووناکی؟ ئەگەر هەڵبژاردنێك لەگۆڕێدا بێ؟!) ل١٢١
( ئەگەر تەسلیم نەبی لەنیگەرانییەکی قووڵدا دەبیت..) ل١٢٢
ئەو چەمگەلەش نە بەپێی هەلکەوت، بەڵکو لەتەون و کرێکی بەئاگاو بەئەنقەست، دارێژراون و نووسەر لەم رێگەوە دەیەوێت فەلسەفەی جیاوازییەکانی بوون (وجودexistenz) و هەبوون (هەستیsein) لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا بخاتە بەر تیشکی هونەریی.

ئەگەر بوون لەبری (وجود)و هەبوون لەبری(هستی و صیرورە) دانێین، (هێگل لەپرۆسەیەکی (دیالێکتیکی)دا لای وابوو بوون، تێزەو نەبوون ئانتیتێزو هەبوون، سەنتێزە... کیەرکێگۆر. پۆل ستراتێرن- ل٣٢
بەڵام ئەوە مەنتیقی دیالێکتیکی هێگل و تێز و ئانتی تێز نییە کە کەسایەتییەکانی پەرەسێلکەکانی کۆچ بەرەو ترس و دڵەراوکێ و مەرگ و بیرەوەریەکانیان لەتەنیاییدا دەکێشێت، بەڵکو ئەم حەقیقەتە کیەرکێگاردییەیە کە تا کۆتایی رۆمانەکە لەگۆشەگەل جیاوازەوە نوێنراوەتەوە؛ (من بەتەنیاییەوە بەرپرسی جیهانی خۆمم) ل٧١
هەمان سەرچاوە

با سەرەتا بروانینە هەندێك لەبۆچوونەکانی کیەرکێگۆرد ؛
(کیەرکێگۆر چەمکی هەڵبژاردنی لەمەر ئەم یان ئەو[4] لەژیاندا هێنایە گۆڕێ و ئەوەی کە هەموو کەسێك بەبەرپرسایەتی و ئازادی تەواوەوە دەتوانێت یەکێك لەو دوو شێوازەی ژیان هەڵبژێرێت؛ شێوازی جوانخوازانە، شێوازی ئەخلاقیانە''ئاکاریی'' )٤٤ تا ٤٨ هەمان سەرچاوە
(.. وەرزی کۆتایی هاتنی خەونەکان و شەڕی دوو خەون) کە خەونەکانی دیکە دەمرێنن) پ- ك دەسپێك
( لەشێوازی ئیستاتیکیدا تاك خۆی هەر وەك خۆی قەبووڵدەکات، بەڵام لەشێوازی ئاکاریدا خۆی دەناسێت بۆ ئەوەی بەرەو کەسێکی ئایدیال بیگۆڕێ) یەکەمیان سەری بەجیهانی دەرەوە قاڵە و ئەوی دی بەجیهانی ناوەوە..
ژیانی شاعیر لەناکۆکبوونی لەگەڵ تەواوی بووندا دەست پێدەکات[5]... ٦٢
ژیان بەپێشزەمینەی دواوە دەرکدەکرێت، بەڵام بەزەمینەی پاشەوە ئەنجامدەدرێت٧٢
هەروەها بروانە کتێبی (چەمکی ترس)١٨٤٤ ی کیەرکێگۆر
پێکهاتەی سەرەکی (پ– ك) بەسەر هەڵبژاردن و هەست بەبەرپرسایەتیکردنی

ئازادانەی دوو شێوە روانینە بۆ جیهان ؛ ئەو کەسانەی هەر بەبوون رازین و ئەوانەی لەهەوڵی گۆڕانی بوونی خۆیاندان بەرەو هەبوون..

پرسیاری بنەڕەتی لای هایدگەریش ئەمە بوو کە حەقیقەتی هەستی چییە؟ یان لەبەر چی هەبووان هەن(بوونیان هەیە) لەبری ئەوەی نەبن(بوونیان نەبێت)؟

نووسەران و فەیلەسوفانی ئێگزیستانسیالست (وجوودی)یش بەلێشاو لەو چەمکگەلە دواونو بەدەقیان کردوەو پێویست بەنموونە هێنانەوە ناکات بۆ ئەوەی کامۆ و سارتر و مالرۆ و. لەوە ناسراوترن کە بمانەوێت نموونەیان لێبهێنینەوە.. و کاتی خۆی بەوە تاوانبارکران کە ئەو تێکستگەلە رەوتی ژیان و ئومێدو گەشەی ژیان و شارستانییەت و شۆڕشی تاك و جەماوەریی مرۆڤ دەخەنە ژێر دیتن بەچاویلکەی شووشە قیرینەوە و سارتەر لەو تارگەلە جۆراوجۆردا وەڵامی ئەو تەنگەبیرییانەی داوەتەوە؛

(ئەگەر ئەو شتانەی من دەینوێنمەوە، ترس و رق و تووڕەیی سازدەکات؟ خۆتانی لێ بپارێزن و دەشتوانن وا بکەن. جیهانێك سازبکەن چۆڵ بێت لەڕەشیی و خراپەو گلاّویی. بۆئەوەی ئەو تواناتان هەیە! ئەگەر کەسایەتی چیرۆك ژیانی خۆیان وێراندەکەن، ویستی خۆیان بووە و کەس ناچاری نەکردوون ئەو رێگەیە هەڵبژێرن.. ئەوان ئازادبوونەو ئێوەش ئازادن بەڕێگەکەی تردا بڕۆن... تەمبەڵی و دەروێشی و هەڵاتن لەئەرکەکان، درۆ و ریا و خیانەت .. گلاّون و دەبێت گلاّویش بنوێندرێن..) نواندنی ئەو رەشاییە بەمەبەستی هەوڵدانی ئێوەیە بۆ گۆڕاندنی!

سارتر سەبارەت بە(کۆشك)ی کافکا دەڵێت؛ (ئەگەر رێگەیەك کە دەگاتە (کۆشك)ی میتافیزیکی.. مرۆڤ تووشی ترس و وەحشەت و مەزحەکە دەکات .. بەو مەبەستە نوێنراوە کە نابێت لەو رێگەیەوە بڕۆی) سارتر و ئەدەبیات، ل٥٥

کە ئەمەیان رەنگە بەڕواڵەت پێوەندی بەباسەکەمانەوە نەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هێنانەوەی دۆخی قیزەون و مەرگاوی و ئەنجام مەرگ و کۆچ لەم رۆمانەدا، بەپێی ئەم خوێندنەوە، بەهەمان مەبەستی کیەرکێگۆرد و دواتر سارتەر بەدەق کراوە،من جەختیان لەسەر دەکەمەوە؛

مرۆڤ هەمووکات مەحکوومە بەوەی کە مرۆڤایەتییەك سازبکات.. ئەوی کە ئێمەی پێ وەحشەتناك نیشاندەدەن، رەشبینیمان نییە، بەڵکو گەشبینی پڕلەمەترسیی ئێگزیستانسیالیسمە)

یاس فلسفی- سارتر در جستجوی بشریتی بی نقاب- مصطفی رحیمی- ل٤٩

(ژیان با سەربەسەر تابلۆیەکی رەش بێت، بەڵام پەڵەیەکی سپی بەسە بۆ ئەوەی هەمیشە ئاوری لێبدەیتەوە.. ئاوردانەوە ...ئاوردانەوە..) پ- ك ٣٣

چەمکی کۆچ لە(پ- ك)دا ئەنجامی هەمان باوەڕی قووڵە بەئازادی و هەستی



بەرپرسایەتی و توانای هەڵبژاردنی مرۆڤ لەبەرانبەر شەڕو خراپەدا...

(بۆ ئەوەی هەڵنەوەرین دەبێت فێرە کۆچ ببین... کۆچ نوێترین ئامرازی ژیانە!) پ – ك ١٥١

ترس و دڵەراوکێی ژیانیش، لەو بۆچوونەدا، بەرهەمی بیرکردنەوەو گومانە لەهەمان هەڵبژاردنی مرۆڤی تاك؛ تۆ بڵێی هەڵبژاردنەکەی من حەقیقەت بێت؟ یان؛ ئەوە ناحەقیقەتی هەڵبژاردەی من نەبوو کە ئەوانی بەکوشت دا یان، سەدان پرسیاری تر...

(فاتێ) لەژیانی بوونەوەری خۆیدا تەسلیمی بەشوودانەکەی خۆیەتی و قەبووڵکردنی بۆگەنی دەمی تەها... بەڵام ئەو ئەنجام ژیانی هەبوون(شدن) هەڵدەبژێری و تێکەڵ بەئەشقی حەمید دەبێت و دیارە ئەنجامەکەشی ترس و دڵەراوکێ و ئەنجام کۆچی هەتاییە بەرەو مەرگ. بەردەکەی (سیزیۆڤ) بڵێی تا کەی خلوور بێتەوە و تۆ بڵێی خلووربوونەوەکەی ئەمجارەش وەك جارانی پێشوو بێ یان بەهۆی ئەم هەولانەوە هەندێك لەسەرووترەوە بوەستێت؟ (چەند رۆژ دواتریش هەر وەك ئەمرۆ وابوو، ئەو رۆژەش گوتم تۆ بڵێی ئەمڕۆش نەبێتە دووپاتبوونەوەی رووداوەکەی چەند رۆژ لەمەوبەر؟) پ-ك ٢٣

سماییل و سیا و خاڵۆی کەمالیش هەروەکتر؛ ئەوان دڵنیان بەردەکەی (سیزیۆڤ) ئەگەریش بەربێتەوە ناچێتەوە شوێنەکەی جاران و بەردەوام لەهەڵکشاندایە بەرەو لووتکە؛

وەك لەکۆتایی رۆمانەکەدا دەبینین ئەوان دەمرن... بەڵام کەمال لەسەفەری کۆچەکەی دا بەردەوام لەلووتکە نزیك دەبێتەو و رچەی خۆی دەشکێنێت.. بەردەکەش بەرەو سەرتر دەبا.. هەرچەند خۆی دردۆنگ بێ لەو سەرکەوتنە و لای وابێت دیسان لێی خلوور دەبێتە

خوا

رە

و

ە

**خوێندنەوەی ٥ ؛**

خوێندنەوەی(٦)و باقی خوێندنەوەکانی دیکە لەمەڕ چەمکگەل (تەنیایی)، (هەڵبژاردن)، (پارادۆکسی ئازادیی تاك)، ترس، هۆنەر، بیرەوەری و.... باقی فۆرمگەل جوانیناسانەی ناو ئەو رۆمانە.. دەهێڵمەوە بۆ ئێوە خوێنەرانی چالاکی پەڕەسیلکەکانی کۆچ.. بەو ئاواتەوە ...

# پەراوێز:

١- من پێشتر لەوتاری کات یان کات- شوێن دا بەوردی باسی کاتی زانستی و کاتی گێڕانەوەم کردوە.

٢- سەپاندنی تایبەتمەندی بوون (وجود) بەسەر هەبوون(شدن)دا. ئەمەیە بیچمی سەرەکی هێز(دەسەڵات). ئەوەی کە هەموو شتێك دووپات دەبێتەوە نزیکترین ئەگەری جیهانی هەبوون (شدن) بەبوون (وجوود)ە.

٣- (ئەوە دەخەنە پاڵمان کە ئێمە جەخت لەریسوایی مرۆڤ دەکەین و لەهەموو شوێنێکدا ئەوەی پێس و دوودڵی و قیزەوەنە دەیخەینەڕوو، بەمەش، بەبڕوای ئەوان لایەنی رووناك لەلایەنە جوان و بێگەردو بێخەوشەکانی سروشتی مرۆڤ پشتگوێ دەخەین .. لێرەو لەوێ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئێمە لەهاوکاریی مرۆیی دوور کەوتوینەتەوەو لەجیهانمان دابڕیوەو لەنێو تاکێتی خۆیدا گەمارۆمان داوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئێمە وەك مارکسییەکان دەڵێن: لەخودگەرایی پەتی(رەها)وە دەستپێدەکەین، واتە لەکۆژیتۆی دیکارتەوە. بەمانایەکی دی؛ ئێمە لەو چرکەساتەوە دەستپێدەکەین کە مرۆڤ لەدابڕینی خۆیدا دەرك بەخودی خۆی بکات، ئەمەش ئێمەی لەدیدی ئەواندا لاوازکردوە کە توانای گەڕانەوەمان نەبێ بۆهاوکاری کردن لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکانەی کە لەدەرەوەی من (Lemoi یان Ego) دان و ناتوانین لەکۆژیتۆدا باسیان بکەین..

مەسیحیەکانیش بەوە تاوانبارمان دەکەن، کە ئێمە نکۆڵی لەواقعییەتی کردە مرۆییەکان و سوودەکانیان دەکەین، چونکە ئێمە ئامۆژگاری و بەهاکانی خودا لادەبەین، ئەو بەهایانەی لەهەتایی و نەمریدا کێشراون، بەوەش هەرەمەکێتی رەها بەرکەماڵ دەبێت و مرۆڤ خوازیاری چ بێت دەیکات و ناتوانێت حوکمرانی را و بۆچوونەکانی کەسانی دیکەو کردەوەکانیان بیت... ئەو تاوانە سەرەکییەی ئاراستەمان دەکرێت ئەوەیە؛ ئێمە بەتەنیا باس لەلایەنی خراپی ژیانی مرۆڤ دەکەین) سارتەر- بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە

٤- (ئەم یان ئەو) ناوی یەکەم کتێبی کیەرکێگاردیشە

٥- هایدگەر قوتانی کیەرکێگارد دواتر هەر ئەو چەمکانە رێکوپێکتر و فەلسەفیانەتر لەهەستی و زەمەن دا فرمەڵە دەکات؛

هایدگەر لە(هەستی و زەمەن)دا بەوردی ئەو دوو چەمکەی لێکجیاکردەوە. ئەو بوونی بەمانای واقیعبووب و ئاگاداربوون لە ژیان لێکدایەوە، (بوون پێوەندی نێوان هەبوونی(هستی) دازاین و جیهان روون دەکاتەوە) واتە (بوون دۆخی هەبوونی دازاینە، بەرای دازاین. کەسێك کە دەڵێ من بوونم هەیە لەراستیدا دۆخی ژیانی خۆی دیاری دەکات لەبەرانبەر مانای هەبوونی(هستی) خۆیدا. (بوون یەکێك لەئیمکانەکانی هەبوونە .. هەبوون لەگەڵ ئێختیار و هەڵبژاردندایە واتە دازاین بەمەیلی خۆی دەتوانێ لەرێگەی خۆکوشتنەوە بوونی خۆی بکا بەنەبوون. هەر چەند هایدگێر زۆر کەم باسی خۆکوژی( ئەویش وەك بابەتیکی نارەسەن) دەکات" هایدگەر و پرسیاری بنەرەتی- بابك ئەحمەدی



ل- ٢٣٩

٦ - ئەگەر گەشبین بەکەسێك بزانین کە دەم ودەزگای خیلقەت بەباشترین دەزگای مومکین ئەزانێ و لای وایە قەڵەمی سازندە بێ هەڵە بووە، سارتر بەو مانایە گەش بین نییە؛ بۆئەوەی ئەو جیهانی بوون بەهیچ دەزانێت. ئەگەر رەشبینیش بەکەسێك بناسین کە سەرکەوتنی خراپە بەسەر چاکەدا بەردەوام و ئەبەدییە، سارتر هەرگیز رەش بین نییە؛ بۆ وەی ئەو نە سەرکەوتنی خراپەی لا ئەبەدی و حەتمییە و نە سەرکەوتنی چاکە، ئەو دەکەوێتە ئەستۆی خەڵك کە ببنە کەرەسی سەرکەوتنی کامیان، واتە چاکە ئەوەند سەردەکەوێت کە ئێمە باش بین. سپای خراپەش ئەوەند سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت کە ئێمە لەریزەکانیدا ناومان بۆ نووسیبێت..) یاس فلسفی- سارتر در جستجوی بشریتی بی نقاب- مصطفی رحیمی- ل٤٩

* ئەم رۆمانە نووسینی بەڕێز فەڕوخ نێعمەتپوور-ە و جێی خۆیەتی هەر لێرەدا دەستخۆشی لێبکەم و ئاواتی بەردەوامیی و سەرکەوتنیم هەیە لەخزمەت بەئەدەبی کوردیدا.



# لەیادەوەرییەکی تاکەوە بۆ یادەوەرییەکی کۆ

## خوێندنەوەی چیرۆکی (دڵێك لەکەلاوە)ی ئارام کاکەی فەلاح

ئارام سدیق

### سەرەتا

میلان کۆندێرا لەکتێبی هونەری رۆماندا دەڵێت (رۆمان وجود دەپشکنێت، نەك واقیع)، من لاموایە بەرهەمە زیندووەکان بەرهەمی وجودن، نەك واقیع، بۆیە هەمیشە هەوڵداوە خوێنەری بەردەوامی ئەو نووسەرانە بم، کە لەواقیع دوور دەکەونەوە، هەمیشە خوێنەری ئەو چیرۆکنووسانەم کە واقیعی گریمانکراوی دەخولقێنن، واقیعێك کە پەیامێك لەپشت خولقاندنییەوە ئامادەیی هەیە، نەك ئەو واقیعە گریمانکراوە هیچ وەزیفەیەکی نەبێت، واتە کاتێك چیرۆکنووس ئەندێشەی مرۆڤێکی بێسەر دەکات کەتوانای ژیانی هەیە دەبێت پەیامێك لەپشت خولقاندنی ئەو ئەندێشەکردنەوە



ئامادەیی هەبێت، یان کاتێك ئیتالۆ کالفینۆ لەرۆمانی (ڤیسکۆنتی دوو لەتبوودا) مرۆڤێك دەکاتە دوو کەرت و پاشانیش لەکۆتایی رۆمانەکەدا هەردوو کەرتەکە پێکەوە یەکدەگرنەوە، بێگومان پەیامێك لەپشت ئەندێشەکردنی ئەو مرۆڤە ئەندێشەکراوەوە ئامادەیی هەیە، ئەویش دەکرێت ئەوە بێت، کە مەرج نییە ئەوانەی خۆیان بە(مرۆڤی تەواو) دەزانن هەموو بڕیارەکانیان دروست بێت و هەموو شتێك بەتەواوی ببینن، بەڵکو دەکرێت مرۆڤێکی ناتەواو لەڕووی جەستەییەوە (کەسێکی کەمئەندام) شتەکان زۆر باشتر و تەواوتر ببینێت، یان دنیابینی جوانتربێت لەمرۆڤەکانی تر، یان دەکرێت کالفینۆ ئەوە بخاتەڕوو کە ژیانی سەخت مرۆڤ دووکەرت دەکات و یەکگرتنەوەی ئەو دووکەرتییەی تەنها مرۆڤێك ئەستەمەو رەنجی زۆری دەوێت.

دەمەوێت لێرەدا دان بەوەدا بنێم کە من ئەو چیرۆکانە سەرنجم ڕاناکێشێت، کە واقیعێکی گریمانکراوی بێوەزیفەیان تێدا خولقاوە، یان دروستتر بڵێم خوێنەر لەوەزیفەی ئەو واقیعە گریمانکراوە تێناگات و نووسەرەکە هەوڵی فریودانی خوێنەر دەدات، نەك بەخشینی دنیابینییەکی نوێ لەسەر ژیان، یان ئەو واقیعە گریمانکراوە خزمەت بەکۆی گشتیی سیستمی بیرکردنەوەی ئازادانەو چەمکە پلۆرالییەکان ناکات، کە دنیای نوێ هەڵگرێتی.

مەبەست لەم رستانەی سەرەوە تەنها بۆ ئەوەیە، ئەوە بخەمەڕوو کە خوێنەر تەنها رووکاری دەق ناخوێنێتەوە، بەڵکو ئەوەندەی جوانیی رووکاری دەق گرنگە، ئەوەندەش ئەو پەیامەی لەپشت دێڕەکانەوە نادیارەو خوێنەر دەیدۆزێتەوە گرنگەو ئەو نووسەرانەشی کە لەڕێی خولقاندنی واقیعی گریمانکراوی هەڵخەڵەتێنەرەوە دەیانەوێت نوێگەری لەچیرۆك و رۆماندا بکەن، یان بەنوێگەر ناوببرێن، نەدەبنە داهێنەرو نەبەرهەمەکانیشیان لەزهنی خوێنەردا دەمێنێتەوە.

چیرۆکی (دڵێك لەکەلاوە)ی ئارام کاکەی فەلاح، لەو چیرۆکانەیە کە واقیعێکی ئەندێشەکراو دەخولقێنێت و پەیامێکی گەورەش لەپشت ئەو واقیعە گریمانکراوەوە ئامادەیی هەیە، لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین کە خوێندنەوەیەك بۆ ئەو چیرۆکەی ئارام بکەین و هەوڵی دۆزینەوەی مانای دیکە بدەین لەسیاقی گشتیی تێکستەکەدا.

### کورتەی چیرۆکەکە

من زیاد لەجارێك وتوومە کە گێڕانەوەی چیرۆك کارێکی هەروا ئاسان نییە، بەڵام لەبەرئەوەی چیرۆکەکە بەبیر خوێنەر بهێنمەوە هەوڵدەدەم کورتەیەك لەچیرۆکەکە بگێڕمەوە، هیوادارم چیرۆکنووس لەو غەدرەم ببورێت کە لەگێڕانەوەکەی ئەوم کردووە.

چیرۆکەکە باس لەکەسێك دەکات کە لەتاراوگەیەو پاش چەند ساڵێك دەیەوێت

بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی تا خزمەتێك بکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دڵی لای کچێك جێماوە ناتوانێت بگەڕێتەوە، پاشئەوەی دەچێتە کۆرسێکی دڵڕەقی تا لەو دڵنەرمییە رزگاری بێت، کە کۆرسێکە بۆ ئەو کەسانە کراوەتەوە کە دەچن بۆ سەربازی تا بیری دۆست و خۆشەویستانیان نەکەن، بەڵام ئەو کەسەی دەیەوێت دڵڕەقی بەدەست بێنێت، پاش تەواوبوونی کۆرسەکە دڵی هەر وەك جاران دەبێت، بۆیە بەناچاری بەو (دڵە هەویرییەوە) دەگەڕێتەوە بۆ وڵات، وڵاتێك کەبۆتە وێرانە، بەڵام دواجار ئەو کەسە تێدەگات کە ئەو دڵەی ئەو دەیخوازێت ئەوە نییە، بەڵکو دڵێکە توانای چاککردنەوەی پارچە شکاوەکانی کلتوورێکی وێرانەی هەبێت. دڵێك کە کەلاوە نەبێت، چونکە بەدڵێکی وێرانەوە ناتوانرێت کەلاوەکانی وڵات چاکبکرێتەوە.

## کۆرسی دڵڕەقی چییە؟

ڕێبوار سیوەیلی، دەڵێت: لەدەقی سادەدا مانای تاقانە نییە، چونکە نهێنییەکان لەئارادان و لەو شوێنەش نهێنی ئامادەبێت، بیرو لێکدانەوەی هەمەجۆر دێتە بەرهەم، یەکێك لەتایبەتمەندییە جوانەکانی ئەم چیرۆکەی ئارام و هەندێك لەبەرهەمەکانی دیکەی ئەم چیرۆکنووسە سادەییەکەیەتی، ئەو سادەییەی کە لەڕووکەشیی تێکستەکەدا هەستی پێدەکەین، یان خوێنەر لەیەکەم بەریەککەوتن و خوێندنەوەدا دەیبینێت، بەڵام ناواخنی تێکستەکە زۆر نهێنی لەهەناویدا هەڵگرتووەو سیوەیلی وتەنی (مانای تاقانەیان نییە)، بەڵکو کۆی چیرۆکەکە باسکردنی چەندین کێشەو سەرەداوە، کە بەهەموویان تێکستێکی فرەڕەهەندیان پێ خولقێنراوە.

یەکێك لەو خاڵانەی کە پێویستە بۆ شیکردنەوەو خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە پەنای بۆ بەرین ئەوەیە کە بگەڕێینەوە بۆ ئەو پاشخانەی کلتووری کوردی لێپێکهاتووەو تەنها لەوێوە دەتوانین خوێندنەوەیەکی دروست بۆ ئەم تێکستەی ئارام بکەین، ئێمە تا لەماناکانی دڵڕەقی لەکلتووری کوردیدا تێنەگەین، ناتوانین بزانین پاڵەوانەکەی ئارام بۆچی پەنا بۆ (کۆرسی دڵڕەقی) دەبات؟، رەنگە خوێنەر لێرەدا بپرسێت (کۆرسی دڵڕەقی) چییە؟ ئێمە سەرەتا هەوڵدەدەین باس لەو پاشخانە پڕ لەدڵڕەقییە بکەین کە مرۆڤی کوردی تێدایەو سەرەتا دەبێت لەڕوانگەیەکی سۆسیۆلۆژییەوە لەم دیاردەیە بڕوانین.

ئەگەر سەیری مێژووی سیاسی و ئابووری و کلتووری کوردی بکەین، دەبینین مێژوویەکە بەردەوام مرۆڤەکانی لەنێو نائارامی و جەنگدا بوون، بۆ نموونە ئەگەر بەدیاریکراوی سەدەی بیستەم وەربگرین، هەر لەسەرەتای ئەو سەدەیەوە تا ئێستا مرۆڤی کورد بەردەوام لەجەنگێکی خۆنەویستانەدا بووە، چ لەگەڵ بەرامبەرەکانی و



چ لەگەڵ خۆیدا، ئەمەش بەتەواوی لەنێو هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی و تاکەکاندا رەنگیداوەتەوە، بۆیە بەبێ ویستی خۆ، مرۆڤی کورد (تارادەیەك) دەکرێت وەك کائینێکی دڵڕەق چاوی لێبکرێت، کائینێك کە نەرمی زۆر بەکەمی لەپێکهاتەیدا هەیە، بەڵام بۆچی دڵی پاڵەوانەکەی نێو چیرۆکەکەی ئارام ئەوەندە نەرمە، کە وەك ئارام دەڵێت (دڵێکی هەیە لەهەویر دەچێت)، لێرەوە دەکرێت ئاماژە بەو خاڵە بدەین کە هەموو ئەوانەی دەچنە هەندەران (بەدیاریکراوی بەشێکی زۆریان) لەنێو ئەو کلتوورەی لێیدەژین بەهۆی ئەو هەستکردن بەنامۆییەی کە لەژیانی (بەشێکی زۆر) لەمرۆڤەکانی تاراوگەدا بوونی هەیە تووشی دەبن، نامۆبوونێك کە مرۆڤ لەناخەوە وێراندەکات و دەیکاتە مرۆڤێك، کە دڵێکی گرینۆکی هەبێت، بۆیە پاڵەوانی چیرۆکەکەی (ئارام)یش لەو توخمەی مرۆڤی کوردە کە هەستکردن بەنامۆبوون دڵی بەرەو وێرانکردن بردووەو کردوویەتییە خاوەنی دڵێکی گرینۆك.

ئاماژەدانی چیرۆکنووس بە(کۆرسی دڵڕەقی) دەکرێت ئێمە تەفسیری تریشی لێوە بەدەستبهێنین، بەتایبەت کاتێك پاڵەوانی چیرۆکەکە یەکەمجار لەئینتەرنێتدا ئاگاداری کۆرسی دڵڕەقی دەخوێنێتەوە باوەڕ ناکات، کە کۆرسێکی لەو شێوەیە هەبێت. ئارام لەچیرۆکەکەدا دەنوسێت:

(کە لەئینتەرنێتدا شتێکی وام خوێندەوە بڕوام نەکرد کۆرسی وا هەبێت، تا تەلەفۆنم بۆ ئێرەکردو وتیان نا گاڵتە ناکەین، ئەمە زانستێکی تازەیەو مرۆڤ بەهێزدەکات، ئەمە بۆ یەکێك باشە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەفەربکات و بیر لەکەسی خۆشەویستی خۆی نەکاتەوە، ئەم کۆرسە مرۆڤ دەکاتەوە بەخاوەنی هەموو ژوورەکانی دڵی خۆی).

پێدەچێت مەبەستێکی تری چیرۆکنووس لەبەکاربردنی چەمکی (کۆرسی دڵڕەقی) بۆ ئەو دڵڕەقییەی دنیای نوێ و زلهێزەکانی دنیا بگەڕێتەوە، لەکاتێکدا تا ئاستێکی بێکۆتا دڵڕەقی بەرامبەر گەلە ژێر دەستەکان دەنوێنن. یان دەکرێت (بێدەنگی) هەموو وڵاتانی دنیا لەبەرامبەر قڕکردنی گەلێکی وەکو کورددا لەهەشتاکانی سەدەی رابردوو ئاماژەیەکی تری پشت دێڕەکانی ئەم چیرۆکە بێت، بۆیە دەکرێت چەندین مانای تر لەم چیرۆکەو بەکاربردنی چەمکی (کۆرسی دڵڕەقی) بدۆزینەوەو ئاماژەی پێبکەین.

## میدیاو حەقیقەت

یەکێك لەو خاڵانەی چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا ئاماژەی پێدەدات، کاریگەریی میدیایە لەسەر مرۆڤەکان، ئێمە لەو چەند رستەیەی نووسەر لەبارەی ئەم پرسە دەیخاتەڕوو هەست بەترسێکی گەورە دەکەین بەرامبەر میدیا، ترسێك کە دەماخاتە بەردەم ئەوەی بپرسین پەیامی میدیا لای ئێمە چییە؟ میدیا دەبێت چی بکات؟

ئایا کاری میدیا خستنەڕووی حەقیقەتە، یان ئاوەژووکردنەوەی؟ ئەم پرسیارانە ئێمە هەوڵ دەدەین وەڵامی بدەینەوە، یان بەدوای نزیکبوونەوە لەوەڵامەکانیاندا بگەڕێین. بێگومان دەبێت ئەوەش بڵێم ئێمە تەنها لەسیاقی چیرۆکەکەی ئارام-ەوە لەهەردوو چەمکی (میدیاو حەقیقەت) دەدوێن نەك وەك دوو چەمکی گشتی و لەسیاقێکی گشتیدا، چونکە قسەکردنەکەی ئێمە لەڕووبەرێکی سنوورداردایەو نامانەوێت لەسیاقی گشتیدا لەبارەی ئەم دوو چەمکە بدوێین، چونکە ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی دەوێت و لەئێستادا لەتوانای ئێمەدا نییە.

میدیا نەك لەکوردستان، بەڵکو لەدنیای ئەمڕۆدا چەند هەوڵی بەرهەمهێنانی حەقیقەت دەدات، سەد ئەوەندەش هەوڵی ئاوەژووکردنەوەی دەدات، چونکە بەشێکی زۆری میدیا لەسەرانسەری جیهاندا پەیامێکی سیاسی، یان ئایدیۆلۆژییان لەپشتە، ئەوەی لەبەرژەوەندی ئەواندا نەبێت نایخەنەڕوو، بۆیە دەکرێت زۆرجار میدیا هۆکارێك بێت بۆ دروستکردن و بەردەوامیدان بەسیستمێکی تۆتالیتاری، مەریوان وریا قانع لەلێکۆڵینەوەیەکدا لەبارەی ڕۆژنامەگەری لەکوردستاندا دەنووسێت: بەبێ بوونی ڕۆژنامەنووس و میدیا زەحمەت بوو بەعس بتوانێت کۆمەڵگەی عیراقی لەسەر مۆدێلی سەربازگەیەکی گەورە بینابکات. هەروەها مەریوان لەدرێژەدا دەنووسێت: ئەم پرۆسەیە بۆ بەعس بەڕادەیەك گرنگ بوو، کە دەوڵەت هەزاران تەلەفزیۆنی بەخۆڕایی بەسەر خەڵکە گوندنشینەکانی خوارووی عیراقدا بڵاوکردەوە.

بێگومان لەڕابردوو و لەئێستاشدا، میدیا گرنگییەکی تایبەتی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا هەیە، بەڵام ئایا هەموو ئەوانەی لەو کەناڵە میدیاییانەدا کاردەکەن لەو پەیامە گەیشتوون، ئەگەر لەو پەیامە گەیشتوون بۆ ئەو هەموو ئاوەژووکردنەوەیەی حەقیقەت دەبینرێت، بێگومان دەکرێت ئێمە لێرەدا ئاماژە بەدوو خاڵی گرنگ بدەین: خاڵێکیان ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی لەمیدیادا کار دەکەن لەپەیامەکە نەگەیشتوون، چونکە ئەرکی ڕۆژنامەنووس گواستنەوەی پەیامە لەنێوان (دەسەڵات و هاوڵاتی)و بەپێچەوانەوە، نەك لایەنداریکردنی لایەکیان. هەروەها خاڵی دووەم ئەوەیە، کە ئەو کەسانەی لەو کەناڵانەدا کار دەکەن لەپەیامەکە گەیشتوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی کار بۆ لایەنێکی دیاریکراو دەکەن، بۆیە لەگرنگی ئەو پەیامەو گەیاندنی حەقیەت دوورکەوتوونەتەوە.

چیرۆکنووس، لەم چیرۆکەدا ئاماژە بەوەدەکات کە کاتێك وڵاتەکەی لەتەلەفزیۆندا بینیوە بەشێوەیەك بووەو کاتێکیش چووەتەوە بۆ وڵات نەیناسیوەتەوە، واتە ئەوەی لەتەلەفزیۆندا بینیویەتی لەو وێنەیە جیاوازبووە، کە خۆی بینیویەتی. نووسەر لەچیرۆکەکەدا دەنوسێت: (ساڵی پار پاش پانزە ساڵ بۆ دوو هەفتە گەڕامەوە، شارەکەی



خۆمم نەناسییەوە، من تەنها لەتەلەفزیۆنەوە بینیبووم، لەتەلەفزیۆنیشەوە وڵاتەکەی من دەڵێی بەهەشتە).

ئەم ئاماژەدانە تیژتێپەڕی چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا بەڕۆڵی میدیای کوردی و ئاوەژووکردنەوەی وێنە ڕاستەقینەکان و بەبەهەشت پیشاندانی کوردستان لەمیدیاکانەوە، یەکێکە لەو خاڵانەی کە دۆزی کوردی لەئاستێکی چەقبەستوودا هێشتووەتەوەو بووەتە دەردێکی کوشندە کە میدیای کوردی گیرۆدەیەتی، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەیمەنەی حزبەکان بەسەر ئەو میدیایانەوە، هەربۆیە میدیا لەم ساتانەدا ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆی لەدەستدەدات. ئەم ئاماژەدانە نووسەر بەڕۆڵی میدیا لەم چیرۆکەدا تەنها لای چیرۆکنووسی بەسەلیقە جێیدەبێتەوە، بۆیە ئەم چیرۆکە باسی لەزۆر کێشەی تر کردووە، بەشێوەیەك دێڕکانی ئەم تێکستە داڕێژراون کە وشەو ڕستەی زیادەی تێدا نادۆزینەوە، من پێشتریش لەنووسینێکمدا لەسەر چیرۆکێکی تری ئەم چیرۆکنووسە ئەوەم خستبووەڕوو، کە ڕێزی وشە دەگرێت، هاوکات لەم چیرۆکەشدا ڕێزی وشە گیراوەو هەست بەدرێژدادڕی و ڕستەو گوزارەی زیادە ناکەین لەتێکستەکەدا.

## گەلێك، بێ یادەوەرییی

یەکێك لەخاڵە دیارەکانی چیرۆکەکانی ئارام، گەڕانەوەیە بۆ منداڵی و سەفەرکردنە بەیادەوەرییەکانی منداڵیدا. ئەم چیرۆکنووسە ئەگەرچی خاوەنی یادەوەرییەکی ئازاربەخشە، بەڵام ئەو وەك ئەوەی چێژ لەو ئازارە ببینێت دەیهێنێتەنێ و چیرۆکەکانی و هەرجارەی لەگۆشەیەکەوە بەخوێنەری دەناسێنێت، ئێمە لێرەدا دەمانەوێت لەبەکاربردنی یادەوەریی بدوێین لەم چیرۆکەدا، کە بەشێکی زۆری چیرۆکەکەی بۆ تەرخانکراوە.

پاولۆ کۆیلۆ، لەبارەی یادەوەرییەوە دەڵێت (چێژ لەیادەوەرییەکانت ببینە، بەڵام بیرت نەچێت، کە یادەوەریی وەك خوێ وایە، ئەگەر بڕێکی گونجاو بوو، ئەوا تامێکی خۆش بەخواردنەکە دەدات، بەڵام ئەگەر ڕێژەکەی زۆر بوو، ئەوا خواردنەکە خەسار دەکات). پاولۆ لەپاشاندا دەڵێت (ئەو کەسەش کە لەڕابردوودا دەژی، ئیدی ئێستای نامێنێت تا دوایی وەکو یادەوەرییەك بیری لێبکاتەوە). لەم قسەیەی پاولۆ-وە تێدەگەین پەیوەستبوون بەڕابردووەوە بەشێوەیەکی بەردەوام ئێستامان لەدەستدەدات و دواجار شتێك نامێنێت ناوی یادەوەریی بێت و مرۆڤ چێژی لێوەبگرێت، من ڕاموایە مرۆڤ تا ئەو جێگایە بەیادەوەرییەکانییەوە پەیوەست بێت، کە بیخاتە خزمەتی ئێستاو ئاییندەیەوەو بەبیرکردنەوە لەڕابردوو و ئێستاو ئاییندە بنیاد بنێت. لەم چیرۆکەشدا ئارام دەنووسێت (هەر ئاوڕدانەوەیەکی دواوە قەپاڵگرتنێکە لەئێستا، هەر تێڕامانێك لەڕابردوو خێسەیەکە لەداهاتوو).

ئەوەی لەپشت ئەم دێڕانەوە ئامادەیی هەیە، رابردوویەکی بریندارە، رابردوویەك کە بیرکردنەوە لێی دەبێتە مایەی ئەوەی ئێستاو ئاییندەش لەدەستبچێت. رەنگە ئەو یادەوەرییەی چیرۆکنووس دەیەوێت لێی بدوێت ئەو شۆڕشە شکستخواردوانەی کورد بێت کە بەدرێژایی مێژوو کراوە، یان دەکرێت بەعەرەبکردن و ئەنفال و کیمابارانکردن و شەڕی ناوخۆ بێت، ئەمە ئەو خاڵەیە کە نووسەر نایەوێت ئاشکرای بکات و بۆ خوێنەری بەجێهێشتووە تا خوێنەر خۆی ئازاد بێت لەوەی چ یادەوەرییەك ئەندێشە دەکات، هەروەها دەکرێت لەدواگریمانەدا، ئەو رابردووە ململانێی نەشیاوی نێو پانتایی رۆشنبیری کوردی بێت، کە ئەمەش دیسان رابردوویەکی بریندارکەرە، بەڵام لەتێگەیشتی مندا پاڵەوانەکەی ئەم چیرۆکەی ئارام دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو رابردووەی جوانی تێدایەو بۆ ئێستاش دەتوانێت جوانی ببەخشێت، ئەو دەیەوێت بۆ جوانی بژی و وڵاتەکەی نەکرێتە کەلاوە. بێگومان (کەلاوەبوون) لەم چیرۆکەدا واتای تری وەرگرتووەو لای چیرۆکنووس دروستکردنی باڵەخانەی بڵند لەشوێنی سینەماکان و شوێنە زیندووەکانی نێو یادەوەریی نەوەکانی رابردووی ئەم وڵاتە بەکەلاوەبوونە، چونکە دواجار کوشتنی یادەوەریی نەوەیەکە، کە تەمەنێکیان لەنێویدا گوزەراند.

پاڵەوانەکەی ئارام، ناکرێت وەك رابردووپەرست سەیر بکرێت، بەڵکو ئەو مرۆڤێکە کلتووری خۆی خۆشدەوێت و هەوڵی سڕینەوەی نادات، خەمی سەرەکی ئەم پاڵەوانەش بۆ ئەوە نییە کە رابردوو پیرۆز رابگیرێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو کلتوورەی لەرابردوودا ئەو خاوەنی بووە نەشێوێنرێت. ئەو دژی پێشکەوتن نییە، بەڵکو دژی سڕینەوەی مێژووی زیندووی نەتەوەیە، کە چیرۆکنووس لەنێو یادەوەرییەکانیدا دەژی.

بەختیار عەلی، لەوتارێکدا لەبارەی تێگەیشتن لەیادەوەریی دەڵێت (راستە یادەوەریی هەمیشە شوێنگەی وێنەکانی رابردووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە یادەوەریی (هەردەم) وەزیفەیەکی کۆنزەرفاتیڤانەی هەیە، بەو مانایە نییە مرۆڤی نوێگەرو داهاتووپەرست یادەوەرییان نییە، ئیشکردنی یادەوەریی دیاردەیەکی مرۆڤانەیە، مرۆڤێك نییە بێ یادەوەریی و ئایدیۆلۆژیاو مەزهەبێکی فیکریش نییە بێ یادەوەریی). بەوپێیەی بەختیار دەیخاتەڕوو مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە بەیادەوەرییەوە دەژی و خاڵی جیاکەرەوەی لەگەڵ بوونەوەرەکانی تردا بوونی یادەروەرییە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە قسە لەیادەوەریی کوردی بکەین. بەختیار، لەهەمان وتاردا لەمبارەیەوە دەنووسێت (یادەوەریی کوردی بەجەوهەر ئەرشیفێکی فەردییە، کە تەنها ئەو بەشە لەمێژوو هەڵدەگرێت کە نزیکە لەخۆیەوە. واتە کاتێك قسە لەیادەوەریی کوردی دەکەین، زۆربەی کات زەحمەتە بتوانین لەسەر یادەوەرییەکی نەتەوەیی ساف و خالیس بدوێین، بەڵکو بەردەوام تێکەڵاوی یادەوەرییەکی فەردی بەیادەوەرییەکی



مێژوویی قسەدەکەین).

نووسەر، لەم چیرۆکەدا لەرێی یادەوەریی فەردییەوە باس لەیادەوەرییەکی گشتی دەکات، ئاماژەدانی ئارام بەڕووخانی سینەماکان و تێکدانی یاریگە وەرزشییەکان و قوتابخانەو باخچەی ساوایان، هەموو ئەمانە کە لەیادەوەریی فەردی پاڵەوانەکەی ئارامدا ئامادەیی هەیە، دواجار دەبنەوە بەیادەوەرییەکی دەستەجەمعی، چونکە ئەو شوێنانە تەنها پەیوەست نەبوون بەشەخسی پاڵەوانەکەی ئارامەوە، هاوکات پەیوەستن بەیادەوەریی نەتەوەوە، من پێموایە ئاماژەدانی ئارام بەم خاڵە جێی هەڵوێستەیە، بەوپێیەی ناکرێت نەوەیەك کە تەمەنی نەگەیشتووەتە (٥٠) ساڵ، پاش جێهێشتنی شارەکەی بۆ ماوەی (١٥-٢٠) ساڵ، پاش گەڕانەوەی بۆ ئەو شارە هیچ کام لەو شتانە لەشوێنی خۆیان نەمابن و شار سیمای راستەقینەی خۆی لەدەستدابێت، یان وەك ئارام لەچیرۆکەکەدا دەیخاتەڕوو کە سینەماکان کرابنە باڵەخانەو قوتابخانە بەسەربازگەو یاریگە بەئوتێلی پێنج ئەستێرە.

بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر کاریگەریی چەمکی (یادەوەریی) لەسەر تاك بەپێویستی دەزانم رای دوو کۆمەڵناس بخەمەڕوو، تا زیاتر لەتێگەیشتنی ئەم چەمکەدا کۆمەکمان بکەن. کارل پۆپەر لەو کۆمەڵناسانەیە کەلێرەدا کۆمەکمان دەکات و ئەو لەوتارێکدا لەژێر ناویشانی (یادەوەریی، مێژوو، فەرامۆشی) بەشێوەیەکی وردو دوورودرێژ لەم سێ چەمکە دواوە. پۆپەر رای وایە یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی یادەوەریی ئەوەیە کە پەیوەندییەکی هەمیشەیی هەیە لەگەڵ داهاتوو، لەم قسەیەوە دەکرێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ لای چیرۆکەکەی ئارام کاتێك کە باس لەڕووخان و نەمانی سینەماکان دەکات، کە ئێمە (سینەماکان) وەك نموونەی زیندووی هەموو شتەکانی تریش وەریدەگرین بەو پێیەی لای من سینەما پێناسەکەری کلتوورەو گەلی خاوەن هۆڵی سینەما گەلی خاوەن شارستانییەتە، هەروەها لاموایە رووخاندنی سینەماکان واتە نەمانی بیرکردنەوە لەگەڵ وێنەی زیندوودا.

لەدرێژەی هەمان وتاردا کارل پۆپەر لەبارەی یادەوەرییەوە دەنوسێت: زۆربەی یادەوەرییەکانمان تاکەکەسی نین، هەندێك لەم یادەوەرییانەمان، یان لەکەسانی دیکە بیستووە، یان لەنێو بنەماڵە فێری بووین. ئەم یادەوەرییانە هی حیکایەتی مێژووی ئەو کۆمەڵگەن کە من ئەندامم تێیدا، لەم بۆچوونەی پۆپەرەوە دیسان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە رووخانی سینەماکان واتە سڕینەوەی حیکایەتی میللەتێك کە پێدەچێت نەوەیەك، یان چەند نەوەیەك خاوەنی بن. بۆیە دەکرێت بڵێین گەلێك کە بایەخ بەمێژوو و کلتوورو یادەوەرییەکانی نادات ناتوانێت بایەخ بەئاییندەش بدات، چونکە رۆژێك دێت ئاییندەش دەبێتە یادەوەریی.

هەر لەمبارەیەوە، (مۆریس هالبواکس) نووسەرو کۆمەڵناسی فەرەنسی دەنوسێت: ئەگەرچی یادەوەریی تاکەکەسییە، بەڵام ئێمە لەگەڵ کەسانی دیکە بەشی دەکەین. ئەو یادەوەرییەی بەشدەکرێت کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، ئەگەر من دەتوانم یادەوەریی بگێڕمەوە لەبەرئەوەیە گێڕانەوە کردەیەکی کۆمەڵایەتییە. کردەیەکی کۆمەڵایەتی، کە دەستبەجێ یادەوەریی کەسێك بەیادەوەریی کەسێکی دیکەوە گرێدەدات و دەبێتە هۆی شتێك کە دەکرێت پێی بڵێین دانووساندنی یادەوەریی.

ئێستا گەیشتینە ئەو خاڵەی کە مەبەستی ئێمەیە روونیبکەینەوەو لەپشت چیرۆکەکەی (ئارام)یشەوە ئامادەیی هەیە ئەویش نەبوونی دانووساندنی یادەوەرییە لەکلتووری کوردیدا. هەروەها هەر بەپێی قسەی (مۆریس هالبواکس) هەر نەوەیەك دەتوانێت یادەوەرییەکانی خۆی بگوێزێتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، بەشێك لەزیندوێتیی رۆحی کلتوور پێشێلدەکات، بەڵام ئایا نەوەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی چۆن یادەوەرییەکانیان گوێزاوەتەوە بۆ نەوەکانی تر؟ یان ئایا هەوڵی ئەوە دراوە ئەو یادەوەرییە بگوێزرێتەوە، بێگومان ئەم قسەکردنە لەسەر ئەم باسانە لەتوانای ئەم وتارەدا نییە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بەم وتارەوە ئەوەیە، کە یادەوەریی کوردی یادەوەرییەکی شڵۆقەو لەدۆخێکی جێگیردا نەبووە تا ببێتە مێژوویەکی دروستی نووسراو و ئەو هەوڵانەشی تا ئێستا دراون تەنها هەوڵی (لەخۆبووردوانە)ی ئەو مێژوونووسە بەڕێزانەن، هاوکات پاراستنی ئەو یادەوەریی و کلتووری نەوەکانی پێشووش ئەرکی نەوەی نوێ و لایەنە پەیوەندیدارەکانە تا پاش چەند ساڵێکی تر سیمای شارەکانی کوردستان بەتەواوی نەگۆڕێت و ئەوەی بەعس دەیویست لەکوردستاندا بیکات خۆمان بەدەستی خۆمان نەیکەین و کلتووری خۆمان نەسڕینەوە، چونکە ئەگەر تەلارەکان و ماڵ و شەقامەکان وێنەکانی رابردووی تێدا نەخوێنرێنەوە، نەوەی نوێ چۆن لەکلتووری گەلێك بڕوانێت کە ئەو بەشێکە لەو، ئایا گەلێك هەیە بێ یادەوەریی بتوانێت بەردەوامی بەخۆی بدات؟ یان ئایا ئەمە ئەو لۆژیکەیە کە مرۆڤەکانی نێو وڵات قەدری وڵات نازانن و ئەوانەی دەرەوەی وڵات هەست بەبوونی ئەو گرنگییەی کلتوورو ئەو پەتای سڕینەوەی کلتوورە دەکەن.

خەمی نێو چیرۆکەکەی ئارام، لەو گۆشەنیگایەوە سەرچاوەی گرتووە کە سیمایی شارەکانی کوردستان بەردەوام لەگۆڕاندان، گۆڕانێك کە یادەوەریی نەوەکان تێکدەشکێنێت و بەیەکجاری دەیسڕێتەوەو هیچ ئاسەوارێکی لەپاش جێنامێنێت. ئەوەی پاڵەوانەکەی ئارام دەیخوازێت تەنها خەمێکی فەردی نییە بۆ پاراستنی یادەوەرییەکی فەردی و بەس، بەڵکو خەمێکی فەردییە بۆ پاراستنی یادەوەرییەکی دەستەجەمعی، کە بەناوی پێشکەوتن و جوانکردنی سیمای شارەوە، سیمای راستەقینەی شار وێران دەکرێت و هەوڵی بوونیادنانی سیمایەکی دزێو دەدرێت بۆی.



## بەر لەکۆتایی

لانگینوس، کە یەکەمین رەخنەگرە، تایبەتمەندی ئەدەبی پێناسەدەکات رای وایە کەس ناتوانێت بەدروستی بەرهەمێکی ئەدەبی هەڵسەنگێنێت. پێدەچێت ئێمەش لەقسەکردن لەسەر ئەم چیرۆکەدا نەمانتوانیبێت قسە لەسەر هەموو لایەنەکانی ئەم دەقە بکەین، چونکە چیرۆکی (دڵێك لەکەلاوە) دەقێکە ئەگەر خوێنەر بەوردی بیخوێنێتەوە چەندین پنتی شاراوەی تری تێدا دەدۆزێتەوە، کە رەنگە بۆ هەرخوێنەرەو بەشێك لەو خاڵانە گرنگ بن، ئەوەی لەم نووسینەدا خرایەڕوو ئەو خاڵانەبوو کە جێی سەرنجی من بوون.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

*ئارام کاکەی فەلاح، دڵێك لەکەلاوە- چیرۆك، گۆڤاری هەنار ژمارە (٣٣) لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨.

*پاولۆکۆیلۆ، حیکایەتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ، و: ئازاد بەرزنجی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٦).

*میلان کۆندێرا، هونەری رۆمان، و: کەریم پەڕەنگ، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٨).

*مەریوان وریا قانع، شوناس و ئاڵۆزی، لەبڵاوکراوەی نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، (٢٠٠٤).

*رێبوار سیوەیلی، دیاردەگەرایی تاراوگە، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر (٢٠٠٢).

*بەختیار عەلی، لەودیو کورسییەکانەوە چی دەبینیت- لێکۆڵینەوە، گۆڤاری هەنار ژمارە (٢٩) لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، یۆنیۆ (٢٠٠٨).

*کۆمەڵێك نووسەر، نەرێکار- وتاری فەلسەفی و دەرونشیکاری، و: مەنسوری تەیفوری، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی ی.ن.ك، سلێمانی (٢٠٠٨).

# ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی

## یەکەمین دەستپێکەری شیعری نوێی فارسی

عادل محەمەدپوور

کورد هەر لەمێژە خۆی خاوەن کیانی مێژووی زمان و فەرهەنگ و ئەدەب بووە، بەڵام سەد مەخابن، بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی سەربەخۆیی، نەیتوانیوە لەبنەوەرا وەك واقیعی مێژووەکەی ببێتە خاوەن تێکستی نقیساری. تەنانەت مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی و زمانەوانییەکەی تێکەڵە لەگەڵ شارستانییەتەکانی دەروبەر، بەتایبەت زمان و ئەدەبیاتی پارسی(ئێران)، بەڵام سەرەڕای ئەمە، تۆکمەترین و مەزنترین خزمەتی بەرەوتی سەرهەڵدان و رسکاندن و بووژاندنەوەی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی زاڵی ئەو سەردەمە، واتە زمان و ئەدەبیاتی (فارسی دەری)و تەنانەت سەردەمی ئەم نەتەوەیە کردووە. با لێرەدا بەکورتی باسێك لەمەر رۆڵی شاعیرانی کوردی (پارسی بێژ)بوروژێنم و ئاورێك لەم دۆخە بدەمەوەو خاڵێکی گرنگ بخەمە بەرچاو ئاخێوەرانی هێژا، ئەویش روڵی بەرچاوی ئەم شاعیرانە لەبووژاندنەوەو پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی (فارسی دەری)، پاشان بێمەوە سەر باسە بابەتییەکە.

پاش هەرەسهێنان و تیاچوونی دەسەڵاتی تۆکمەی شارستانییەتی ئێران و تواندنەوەی زمان و ئەدەبی ئەم ئیمپراتۆرییەتە بەهۆی شالاوی عەرەبەوەو ماوەی ئاڵوزکاویی و پچڕپچڕیی سیاسی، ئەدەبی و فەرهەنگی بەماوەی دوو سەدە،



رەحمەتیی (ملك الشعرای بهار) کە خۆشی لەپارسی بێژانی کوردی پاش ماوەی سانە کوردەکانی(دنابلە)یە، باس لە (بەسامی کوردی خارجی)، دەکات کە ئەم شاعیرە لەسەروبەند فەرمانڕەوایەتی(یەعقووبی لەیسی سەفاری)دا لەنیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچیدا ژیاوە. هەروەها(ئەبولحەسەنی لەوکەری) شاعیری کوردی پارسی بێژ، لەڕۆژهەڵاتی ئێراندا (کۆتایی سەدەی چواری کۆچی هەتاوی)لەدەربارەی (سامانی)یەکاندا ژیاوەو قەسیدەیەکی لەبارەی پیاهەڵدانی (ئەمیر رەزی ئەبولقاسم نەوح کوڕی مەنسووری سامانی) لێبەجێماوە کە لە(لوباب ئەلباب)ی عوفیدا بیۆگرافی و شیعرەکەیش هاتووە. لەسەدەی (پێنج و شەشی کۆچی.م) لەداوێنی چیاکانی زاگرۆسداو لەقەڵەمڕەو و پەناگای سانە کوردەکاندا، (سەدیدەدین ئەغور کورمانج و ئەسیرەدین ئەخسیکەتی) مان هەیە کە هەندێك شیعری فارسییان لێبەجێماوە. لەسەدەی حەوتی کۆچی (ئەسیرەدین ئوومانی کورد) کە لەکوردەکانی هەمەدانە، ژیاوە. لەدەورەی سەفەوییەکان و زەندییەکان و ئەفشارو قاجارەکان، شاعیرانێکی هەرە زۆری کورد هەن کە لەم وتارە کورتەدا ناگونجێت ناوییان بهێنین، وەك (فەدایی کوردستانی و جەمال ئەمیر بەگ و ...)». تا دەگاتە شاعیرانی دەورەی مەشرووتە وەك: عارفی قەزوێنی کوردستانی و میرزادەی عیشقی و میرزا تەقی بەهارو ... نوێخوازانێکیتر کە زەمینەو باکگراوند خۆشدەکەن بۆ فراژووبوونی شیعری مۆدێرنی فارسی و رێبازی هونەری نیمایۆشیج، نموونەیش (لاهووتی کرماشانی)یە کە سووژەی وروژاندنی ئەم باسەی ئێمەیە. ئەوەی جێگای داخە ئەم شاعیرە کوردانە ئەو هەموو خزمەتەیان بەزمان و ئەدەبی فارسی کردووە، بەڵام بەداخەوە تاکە شیعرێکی کوردییان نەوتۆتەوە. ئەگەرچی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پرەنسیپی سامانی دەسەڵاتی سیاسی کە کورد لێی بێبەش بووە.

شیعری ئێستای فارسی کە ناسراوە بە(شیعری نوێی هاوچەرخ)، دیاردەیەکی خێراو یەکجار هەڵقولاو نەبووە، بەڵکو وەك قۆناغەکانیتر رەوەندێکی پرۆسەئامێزی بڕیوە کە هەندێك هۆکارو برێك کەسێتیش بوونەتە پێش زەمینەو باکگراوند بۆ سەرهەڵدانی سیستمێکی نوێخوازی و ئیستاتیکی و ئاوانگاردانە، بەناو شیعری هاوچەرخی فارسی. ئەگەرچی لیدێر و تیۆریسێن و تەواوکەری ئەم رەوتە کەسێکە بەناوی: (عەلی ئێسفەندیاری، نیمایوشیج) باوکی شیعری نوێ و مانیفێستی نوێخوازی. ئەم کارەساتە بێگومان تەنیا تایبەت بەشیعری نوێ و نوێخوازانە نییە، بەڵکو لەتەواوی قۆناغەکانی شیعری فارسی و رەوتی شیعری باقی نەتەوەکانتریشدا دەبینرێت.

پێش لە(روودەکی) شاعیری سەدەی چواری کۆچی مانگی، کە لەئەدەبی کلاسیکدا، ناسراوە بە(باوکی شیعری فارسی) کەسانێك وەك حنظلەی بادغیسی (٢٢٠ی ك.م)،

فیروز مشرقی، محمدبن وصیف سگزی و بسام کُرد خارجی، بەشێوەی تاکوترووك شیعریان وتووە و هەوەڵێن دەستپێکەری شیعری فارسی بوون. لەسەدەی شەشی کۆچیدا ،(سەنایی غەزنەوی) ڕێخوشکەربووە بۆ ڕێبازی فۆرم و هزری (مەولەوی ڕۆمی). یان(ناسری بوخارایی) و (خاجووی کرمانی) کاربەخش بوون بۆ حافزی شیرازی. یان (وەحشی بافقی) زەمینەساز بووە بۆ (شێوازی هیندی) و...هتد.

لەشیعری کلاسیکی کوردی هەورامیدا، (کرکە)ی (هورمزگان) زەمینەساز بووە بۆ بزاڤی یارسان و ئەدگاری لیریکای گەورەی بێسارانی و خودی ئەم شاعیرە ڕێگا خوشکەری و بەستەی فەردی (مەولەوی تاوەگۆزی) بووە تەنانەت هەردووی ئەمانە، پاڵپێوەنەری(گۆران)و گەڕانەوە بۆ ئوسلووبی ڕەهای (پەنجە)و توخمی(کرکە)، پرۆسەی مۆسیقای شیعری نۆژەنی کوردی، بوون.

د.یحیی ئارینپور لەکتێبی(از سەبا تا نیما)دا دەڵێت: (یەکەمین شیعری نوێی فارسی لەلایەن (تەقی رەفعەت)ەوە دەستی پێکرد)، بەڵام شەمس لەنگروودی لەکتێبی (تاریخی تەحلیلی شیعری نوێ)دا، ئەم پەیلوایە ڕەتدەکاتەو دەڵێت:(واقیعی کار وانییە، من تەقی رەفعەت بەدەستپێکەری شیعری نوێی فارسی نازانم، سەرەڕای ئەوە رەفعەت دەبێت بەیەکەم تێوریسینی شیعری نوێی فارسی بناسین. بەڵام گرنگ ئەوەیە دەهەیەك پێش لە(تەقی رەفعەت) ئەمە (ئەبۆلقاسمی لاهووتی کرماشانی) بوو، کە وێرای ژیانی شۆڕشگێڕی و کوودەتاو دژەکوودەتا، یەکەمین شیعری نوێی فارسی دانا)، بەڵام لەمەدا شك نەکەین کە لاهووتی وەك (تەقی رەفعەت) خاوەنی پلەی خوێندەواری ئاکادیمی نەبوە، بەتایبەت لەبواری فەلسەفەو مێژوودا، تەقی رەفعەت لەم بوارانەدا خاوەن روانگەو دیدو پەیلوای تایبەتی سەردەم بووە، لەپرۆسەی گۆڕانکارییەکاندا تێگەیشتووتربووە، رەفعەت ڕێگای تیۆری نۆژەنی هەموار کرد(نە دەسپێکردن) بۆ تیۆرێزکردنی مانیفێستی شیعری نیمایی، لەسەر دەستی نیمایووشیج. (د.یحیی ئارین پوور) لەئاکامدا پێیوایە ئەم چوارکەسە بەشوێن یەکدا ڕێگا خۆشکەر دەزانێت بۆ رەخساندنی تیۆری سەردەمیانەی شیعری ناسراو بەنیمایی و تەواوکردنی نیمایووشیج:

یەکەم: لاهووتی دووەم : تەقی رەفعەت سێیەم: جەعفەری خامنەیی چوارەم خانمی شەمسی کەسمایی. ئەوەی کە لەنگروودی جەختدەکاتە سەری ووتنەوەی یەکەمین شیعری نوێی فارسییە وەك دەستپێکردن و رچەشکاندن لەلایەن (لاهووتی)یەوە. پێیوایە لاهووتی لەڕێگای ئاشنایەتی لەگەڵ زمانی تورکی و فەرەنسی ئەو دەمە کە زوانگەلێکی پێشکەوتووی سیاسی بوون، توانی فۆرمێکی جیاوازتر بۆ شیعری فارسی دانێت و ببێت بەیەکەمین بناغەدارێژی شیعری نوێی فارسی. ئەویش لەساڵی ١٢٨٨ی کۆچی هەتاویدا، پارچە شیعرێکی دانا بەناو: (وفای بەعهد). پاشان دووەمین پارچە



شیعری مۆدێرن بەناو (بازگەشت بەوەتەن) لەئاوریلی ١٩١٥ (١٢٩٤ کۆچی هەتاوی) کە لەشاری کوردەواری خانەقین وتراوە، و هتد ...

وفای بەعهد
اردوی ستم خستە و عاجز شد و برگشت
برگشت، نە بامیل خود ، از حملەی احرار
رە بازشدو گندم و اذوقە بەخروار
هی وارد تبریز شد از هر در و هر دشت

از خوردن اسب و علف و برگ درختان
فارغ چو شد ان ملت با عزم و ارادە
ازادە زنی بر سر یك قبر ستادە
با دیدە یی از اشك پر و دامنی از نان

لختی سر پا دوختە بر قبر همی چشم
بی جنبش و بی حرف، چو یك هیكل پولاد
بنهاد پس از دامن خود ان زن ازاد
نان را بەسر قبر، چو شیری شد، در خشم:

در سنگر خود شد چو بەخون جسم تو غلتان
تا ڤن نبری انكە وفادار نبودم
فرزند! بەجان تو، بسی سعی نمودم
روح تو گواە است كە بویی نبد از نان

مجروح و گرسنە، زجهان دیدە ببستی
من عهد نمودم كە اگر نان بەكف ارم
اول بەسر قبر عزیز تو گزارم
برخیز كە نان بخشمت و جان سپارم

تشویش مكن، فتح نمودیم، پسر جان!
اینك بەتو هم مژدە ی ازادی و هم نان

و ان شیر حلالت كه بخوردیم زپستان
مزد تو، كه جان دادی و پیمان نشكستی
تهران، دسامبر ١٩٠٩ (١٢٨٨ هـ.ش)

**هۆردووی ستەم ماندوو و وەڕس وەرگەڕاوە**
**وەرگەڕانێك نە دڵخوازانە، بەگۆڕزی ئەحرار**
**ئابڵۆقە تێكشكاو گەنم و ڕسق بەزەبەندی**
**ڕژایە تەوریێز لەهەر دەشت و لەهەر لاوە**

**لەئەسپ و ئاڵف و گەلای دارو گیا خوران**
**ڕزگاری بوو گەلی ئازاو پڕ وڕەو خیرەت**
**سەربەرزە ژنێك بەسەر گۆڕێكەوە وەستاوە**
**بەچاوگەلی پڕ لەهەرس و داوێنێك لەنان**

**هەر بەپێوە چاوی بڕیە گۆڕ بۆ تاوێك**
**بێ ورتە وتەكان هەر وەك هەیكەلێك لەپۆلا**
**ئەوجا پژاندیە سەر گۆڕەكە نان لەداوێن**
**وازادە ژن هاتە خرۆش وەك شێرێك:**

**پەریە سەنگەر لەخوێنی لاشەت شەلاڵ**
**تا شك نەكەی لەوەفادارییی و بەڵێنم**
**ڕۆڵە بەگیانت قەسەم كۆششی زۆرم كرد**
**گیانت شاهێدمە كە نەبوو لەنان یەك پرزاڵ**

**برینداروو برسی چاوت لێكنا لەجیهان**
**بەڵێندەرم كە هەركات دەستم بگاتە نان**
**بۆ یەكەم جار بێینە سەر گۆڕی نازارت**
**دەهەستەوە نانم پێیەو پێت دەبەخشم گیان**

**شپرزە مەبە ئێمە سەركەوتووبووین ڕۆڵە گیان**
**گەلۆ دەتەمێ مزگێنی ڕزگاری و هەم نان**



**ئەو شیرەشت حەلاڵ كە دەتمژی لەسینەم**
**حەڵاڵت بێ، بەخشیت گیان و نەتشكاند پەیمان**
(وەرگێڕانی: ڕەوف مەحموودپوور)

لاهوتی یەكەمین شاعیرێكی كوردی فارسی بێژ بووە لەئەدەبی فارسیدا بەكاریگەری لەشێوەی شیعری كوردی هەورامی(گۆران) شیعری بەكێشی پەنجە (دە برگەیی) وتووە لەساڵی (١٩٢٥ ز، ١٣٠٤ ی كۆچی هەتاوی) لەشاری (دۆشەنبە) تاجیكستان بەناو:

سرود دهقان.

من فرزند یك دهقانی بودم
در قشلاق های تاجیكستان
یك زمین داشتیم، ان را می كاشتیم
نان می خوردیم از محصول ان

یادم می اید، كه در ان قشلاق
وقتی باغبانی می كردیم
من با یك خواهر، پدر و مادر
چه سان زندگی می كردیم

...

**لاهووتی كێیە؟**

ئەبولقاسمی ئیلهامی، نازناو بەئەبولقاسمی لاهووتی لەساڵی (١٢٦٤) ی كۆچی هەتاوی (١٨٨٤)ی زایینی لەشاری كرماشان، لەبنەماڵەیەكی كوردی زەنگەنە، خونچەی ژیانی دەپشكوێت. باوكی (ئیلهامی) پیشەی پینەچیگەری بووە، وەكو كورەكەی هەم شاعیر بووەو هەمیش شۆرشگێڕو ئازادیخواز. لاهووتی هەر لەماڵی بابیا لەگەڵ بارودۆخی ئەدەبی كرماشان ئاشنا دەبێت، لەوا كە بابی دەسەلاتی ماڵی نابێت و ناتوانێت بەباشی ڕایبهێنێ، بەیارمەتی ماڵی یەكێك لەدۆستانی بنەماڵەكەی بۆ تەواوكردنی خوێندن ڕەوانەی تاران دەكرێت. لەو تافەدا لاهووتی شانزە ساڵانە دەبێت.

لەدوو ساڵی دوایی ژیانیدا یەکەمین چامەی فارسی بەئاوازێکی شۆڕشگێڕانەو حەماسی دادەنێت و لەڕۆژنامەی (حبل المتین)ی (کلکتە)دا لەچاپ دەدرێت. ئەم غەزەلە تا رادەیەك دەبێتە هۆی ناساندنی و تەنانەت مایەی شانازی ئەم شاعیرە لاوە.

لەم سەروبەندەدا لاهوتی دەچێتە نێو هێزی نزامی(ژاندارمری)ئەو کاتەوە. هێزی ژاندارمریش لەم کاتانەدا لەژێر چاودێری ئەفسەرە سۆئێدییەکاندا دەبێت. کەڵکەڵەی بزاڤی(مەشرووتەخوازی) لەئێراندا پەرەدەسێنێت، هەم ئەفسەرە سۆئێدییەکان و هەم ئەرکانی ژاندارمری بەرژەوەندییان لەوەدابووە کە لەهێزە شۆڕشگێڕە مەشرووتەخوازەکان پشتگری بکەن. ئەم ڕێکارە بوو بەهاندەری لاهووتی تا لەم ڕەوتەدا و لەبەستێنەی ڕۆشنبیری و شۆڕشگێڕیدا ڕۆڵـی بەرچاو ببینێت و لەگەڵ هەندێك ڕۆشنبیرو شۆڕشگێڕی ئەو دەمەی ئاشنایەتی پەیدا بکات و شان بەشانی ئەوان لەگەڵ گەندەڵی حکوومەتیدا چنگاوەش بێت و خەبات بنوێنێت. هەر ئەم بزێوی و ئازایەتییە بوو بەهۆی بەخشینی(نیشانی ئازایەتی ستارخان) لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە بەلاهووتی و سەرەنجام بە بەرپرسی ژاندرمری شاری قوم هەڵبژێردرا. بەهۆی ناکۆکی و دژایەتی لەگەڵ سۆئێدییەکاندا، لاهووتی ناچار دەبێت وڵات بەرەو تورکیە بەجێبهێڵێت، چونکە لەپشت سەردا، حوکمی لەسێدارەدانی لەلایەن سۆئیدییەکانەوە بۆ دەردەچێت، بەناچار لەوڵاتی عوسمانیدا دەگیرسێتەوەو دەبێتە مامۆستای زمانی فارسی و دەڵێن لەمکاتانەدا لەژیانیدا گەلێك چەرمەسەری و ڕۆژگاری تاڵی هەبووە.

شیعرەکانی لەهەموو فۆرمێکدا: قەسیدە، غەزەل و تەسنیف لەڕۆژنامەکانی ئەو دەمە وەك (حبل المتین و ایران نو)دا چاپ و بڵاودەکرانەوە. کۆچبەری بۆ لاهووتی ڕەنگدانەوەیەکی کاریگەری ئەرێنی هەبووە. لەلایەکەوە وڵاتی تورکیە جێگای گیرسانەوەی کەسایەتییە هەڵاتووەکانی سیاسی وڵاتانی دراوسێی بووە، بەتایبەت شۆڕشگێڕە هەڵاتووە مەشرووتەخوازەکانی ئێرانی. بەم چەشنە ئەم وڵاتە دەبێتە باشترین ناوەندی فێرکاری سیاسی و هزری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ کۆچبەرەکان. لاهووتی لەگەڵ پەیلواکانی هونەری و فیکری (صابر، میرزا عەلی ئەکبەر تاهیرزادە) شاعیری نەتەوەیی ئازەربایجانی قەفقازو باقی شاعیرانی رادیکاڵیتریش ئاشنا دەبێت و کاریگەری ئەوتۆیان بەسەر ئەم شاعیرەدا دەبێت. خودی لاهووتی دان بەم خاڵەدا دەنێت کە شێوازی (ریالیزم) و.. بەکاربردنی شیعری تارۆز (تەنزو ئایرۆنی) وەك هۆکارێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەباتی کۆمەڵایەتیدا، لە(صابر)ی وەرگرتووەو فێری بووە. دەڵێت پەیلواکانی (صابر)م لەڕێگای وەرگێڕاوەکانی (سید اشرف الدین حسینی) بەرپرسی ڕۆژنامەی (نسیم شمال)وەرگرتووە.

لاهووتی لەسەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهانییدا، دێتەوە بۆ ئێران و لەکرماشان



دەگیرسێتەوە. کرماشانیش لەوکاتەدا لەژێر ڕکێفی داگیرکەرانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و روسیدا دەبێت، لەم گیروبەندەدا، خەبات لەنێوان خەباتگێڕان و داگیرکەراندا بەردەوام دەبێت و کرماشان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، بۆردمان دەکرێت و لاهووتی تەنگی پێهەڵدەچنرێت و ناچار دەبێت دووبارە بەرەو تورکیا هەڵبێت، لەم سەردەمەدا لەگەڵ حەسەن موقەدەم (علی نوروزی) نووسەری شانۆیی(جعفرخان از فرنگ برگشتە)ئاشنا دەبێت و شیعرەکانی لەبڵاڤۆکەی (پارس)دا بڵاودەکرێنەوە. هەرلەم کۆچەدا لەگەڵ کۆمەڵە کۆمۆنیستییەکان ئاشنا دەبێت و پەیوەندییان پێوە دەکات، پاشان دەگەڕێتەوە ئێران، لەلایەن (مخبرالسلطنة) نووسەری کتێبی (خاطرات و خطرات) فەرمانڕەوای ئازەربایجان و ئەندامی کارای حکومەتی قاجار پەنا دەدرێت. هەر بەم بۆنەوە دووبارە دەکرێتە ماژووری(سەرگورد) ژاندارمری لەلایەن (لندبێرگی) سۆئێدییەوە، پاشان پلەی دەچێتە سەرو دەکرێتە بەرپرسی گشتی ژاندارمری تەورێز.

لەکاتی هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانیی، لاهووتی لەکرماشاندا دەبێت و(ڕۆژنامەی بێستون) دەردەکات و بەسونگەی خەبات دژ بەدەسەڵات زەمینە بۆ شەڕی چەکدارانەی نێوان عێل و عەشیرەکان سازدەکات، وەك وتمان هەمدیس لەترسدا بۆ وڵاتی عوسمانی هەڵدێت و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ کرماشان و لەگەڵ دۆستانی نزیکیداو هاوکاری عەشیرەی کوردی(سەنجابی و قەڵخانی) شانەی سوپایەکی نەتەوەیی ناوچەیی پێکدەهێنێت و پێی لەگەڵ داگیرکەران و نەیارانی رووسیدا، بەشەڕ هەڵدێت و تەنگ بەدوژمنان هەڵدەچنێت. لەم شەڕەدا (باراتۆف) فەرماندەی سوپای رووسی بەسەختی بریندار دەبێت و دوای ماوەیەك دەمرێت.

پاش هەڵاتنی دووبـارە، بۆ وڵاتی تورکیای عوسمانی و گەڕانەوەی بۆ ئێران و بەرپرسایەتی گشتی ژاندارمری تەورێز، لاهووتی دژ بە(ڕەزاخان) و (قەزاق)ەکان کوودەتا دەکات و تەورێز داگیردەکات و پارێزگاری ئازەربایجان(مخبرالسلطنة) کە لەوە پێش پەنادەرو داڵدەی لاهووتی دەبێت، دەستبەسەر دەکرێت و دەخرێتە بەندیخانەوە، پلان و بەرنامەش بۆ گرتنی تاران دادەڕێژێت، بەڵام لەهەشتی ڕێبەندانی ١٣٠٠ ی کۆچی هەتاوی، لاهووتی و بەرەی یەکگرتوو، شکست دەخۆن و بەناچاریی دووبارە بەرەو قەفقاز هەڵدێت و دەچێتە (نەخجەوان)و پاشان (تاجیکستان) ئیتر هیچ کات نایەتەوە ئێران و لەوێ بۆ هەمیشە نیشتەجێ دەبێت. لەو وڵاتە دەبێتە مامۆستای سەرەتایی و پاشان بەئەندامی پارتی کۆمۆنیستی شۆرەوی هەڵدەبژێررێت و بەرە بەرە پلەی بەرزبوونەوە دەپێوێت. پیشەکان و چالاکییەکان و ئەرکەکانی ئەم شۆڕشگێڕە ئەمانە بوون:

١- کارگێڕی و پلانڕێژی بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەسنوورەکانی چین و

شۆڕەوی .

٢-بەشداری لەکۆنگرەی خەبات دژ بەفاشیزم و شەڕ، واتە(کۆنگرەی بەرگری لەشارستانیەت) لەپاریس بەنوێنەرایەتی ئازادیخوازانەی ئاسیای ناوەندی و کۆمیتەی ئەکادیمی تاجیکستان لە ١٩٣٥ی زایینی. لەو چالاکییەدا، لەوا کە لاهووتی بەسەر زمانی فەرەنسیدا زاڵ دەبێت، لەوتەکانیدا بەلێهاتوویی سەردەکەوێت و سەربەرزانە دەگەڕێتەوە بۆ روسیا.

٣- بەشداری دووبارەی لەساڵی ١٩٣٥ز لەحەوتەمین کۆنگرەی نێو نەتەوەیی کۆمۆنیزم لەپاریس.

٤- ساڵی ١٩٤١ ی زایینی (١٣٢٠هـ.ش) دەچێتە (تاشکەند)و ماوەی دوو ساڵ لەوێ (ئیستالین ئاوا) دەمێنێتەوەو چەند جاریش دێتەوە سنووری ئێران و هاتوچۆ دەکات. ئەوکاتەی کە(سالار) دەبێتە نەیارو دژبەری دەوڵەت، هەلی گونجاو دەقۆزێتەوەو دێتەوە خۆراسان و سەردان دەکات و ماوەیەك دەمێنێتەوە.

٥- لەجون ١٩٤٧، ئیفتێخاری سەرۆکایەتی ئەکادیمی زانستەکانی تاجیکستانی پێدەبەخشرێت و شانۆی گەورەی دراماتیکی تاجیکستانی لەشاری (خۆجەند) بەناویەوە نێودێر دەکرێت کە خۆی پێشتر ئەندامی ئەم ئەکادمییە بووە.

٦-ماوەیەکی زۆر دەبێتە بەرپرسی تەشریفاتی و میوانداری لەمیوانە بیانییەکان کە بەسەردانی رەسمی دەهاتنە شۆڕەوی.

٧- ماوەیەك دەبێتە مامۆستای زانکۆکانی رۆژهەڵاتناسی و هەروەها مامۆستای زمانی فارسی لەزانکۆی گەورەی مۆسکۆ.

٨- دەمانێك هەڵدەبژێردرێت بەوەزیری رۆشنبیری (فەرهەنگ)ی تاجیکستان و هەروەها وەزیری رۆشنبیری وڵاتە یەکگرتووەکانی شۆڕەوی پێشوو.

بۆ ماوەیەکی درێژ کەس لەمەڕ چەندوچونی ژیانی لاهووتی هەواڵی بەدەستەوە نەبووە، تا لە ١٣١٤ ی کۆچی هەتاوی بەرامبەر بە(١٩٣٤ زایینی)، وەفدێکی فەرهەنگی ئێران بەسەرپەرشتی رەحمەتی (سەعیدی نەفیسی) چاویان بەلاهووتی دەکەوێت و نەفیسیش لەوتارێکدا نووسی:(لاهووتی مرۆڤێکی سەرناس و ناودارە کە ناوی جیهانگیر بووە).

دکتۆر ئەنوەری خامەیی لەکتێبەکەیدا بەناو (خاطرات دکتر خامەیی) ل:(٥٤٥) دا لەبەشێك لەدیدارەکەی لەگەڵ لاهووتیدا دەنووسێت: (ئەوەی کە پتر بووە هۆی سەرسوورمانی من، مەیل و ئەوین و تاسەمەندی لاهووتییە بەئێران، بەتایبەت بە(کرماشان) بەدڵێکی پڕ بەسۆزەوە دەیوت: تەنیا ئارەزووی من ئەوەیە کە جارێکیتر بگەڕێمەوە ئێران و زێدەکەم – کرماشان – ببینم. لەناڤینی شەڕدا لەحزبی کۆمۆنیست



دا دەنگۆ بوو کە گوایە لاهووتی دێتەوە بۆ وڵات، بەڵام دوایی ئاشکرا بوو کە دەوڵەتی شۆڕەوی بەرگری لێکردووەو دەرفەتی بۆ نەرەخساندوەو ئیجازەی پێنەداوە، بگەڕێتەوە. لێم پرسی ئەرێ ئەم دەنگۆیە راست بووا!؟ وتی: بەڵێ چەندجار داخوازم کردو زۆریش داکۆکیم کرد، بەڵام بەداخەوە بەڵێنیان نەدامێ، وتم: باشە بۆ ئەوەندە پێداگری دەکەیت کە سەردانی کرماشان بکەیت؟ ئاخۆ ئەوێ شوێنێك نییە! شارێکی وێرانەی کۆن!؟ بەحاڵەتێکی کەسەرمەندەوە وتی: من چۆن ئەو زێدەم (کرماشان) فەرامۆش بکەم، ئەو کۆڵانە بەرتەسك و کۆنانە، ئەو باخە وێرانانە، بۆ من هەزاران بیرەوەریی تێدایە، چەندینجار بەو دیوارە روخاوانەدا بۆ دزینی ترێ هەڵزناوم ..). لەکۆتاییدا دکتۆر خامەیی دەڵێت: (لاهووتی نامەیێکی هاورێ لەگەڵ ئاخرین وێنەی کورەکەی دامێ، کە گەیشتمەوە تاران پۆستی بکەم و رەوانەی بنەماڵەکەی بکەم بۆ کرماشان، ئەرکێك کە بەئەنجامم گەیاند... ).

دوای ئەو هەموو چەرمەسەری و کێشمەکێشە پڕ ئاستەنگەی لەژیانی پر لەشانازی کوردە خەباتگێڕێکی کرماشانی، لەخاکەلێوەی ساڵی ١٣٣٦ هەتاوی (١٩٥٧-ز) پاش ٧٣ ساڵ ژیانی شۆڕشگێڕانەی بەپێز، تۆماری ژیانی دەپێچرێتەوە. (ئیحسان تەبەری) لەکتێبی (کەژراهە)دا پێیوایە هۆی ماڵاوایی لاهووتی، نەخۆشی فشاری خوێن بووە، بەمشێوەیە ترپەی دڵی دەوستێت و لەمۆسکۆدا لەتەنیشت گڵکۆی لینین و ستالین، دوو گەورە رابەری کۆمۆنیست، دەنێژرێت.

**سەرچاوەکان:**


١-د. یحیی ئارینپوور، ئەز سەبا تا نیما، تاران .2535

٢-د. شەمس لەنگروودی، تاریخی تەحلیلی شیعری نوێ، بەرگی یەکەم، نەشر مەرکەز، ١٣٧٠.

٣- د. م. ع. سوڵتانی، ئەحزاب سیاسی و ئەنجومەن های سێری دەر کرماشان، بەرگی یەکەم.

٤- وەرزنامەی گەوهەران، فایلی تایبەت بەشیعری کوردی، دیمانە لەگەڵ: د.م.ع. سوڵتانی ژ. ١٥، بەهاری ١٣٨٦.

٥- د.ا. تەبەری، کەژ راهە، نەشری ئەمیر کەبیر، ١٣٦٦.

٦- د.ا. خامەیی، خاترات د.ئەنوەری خامەیی.

٧- بەشیری ئەحمەد، دیوانی لاهووتی، تاران: نەشر بونیاد فەرهەنگ ئێران، ١٣٤٨.